بزووتنەوەی ناڕازایەتیی ئەمڕۆی عێراق " هەموو هەنگاوەکان بەرەو پێشەوە ... عەدنان کەریم

لێسەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵەوە بەغدا و سەرجەم شارەکانی تری خواروووی عێراق بوون بە مەیدانی ناڕازایەتیی فراوان وبەهێزی خەڵك لەدژی حکوومەتی ئیئتیلافیی ئێستای عێراق بەسەرکایەتیی عادل عبدالمهدي. ئەم بزووتنەوە ناڕازایەتیەی ئێستا ، گەرچی جیاوازیی زۆری هەیە ، بەتام لەلایەکی تریشەوە دوای تەکەشانکی زۆری جەماوەریی خەڵکی عێراق دەت کە ساڵانی ٢٠١٥ و ٢٠١٧ و ٢٠١٨ هەمان ئەو شارانەی گرتەوە بەتام نەگەیشت بە هیچیەك لەداخوازیەکانی و ئەوکات توانرا بە کۆکوەرگرتنی دەسەڵات لە وەرقەی داعش وبە هێندە بەتێنی دەسەڵاتداریەتیی عێراق بە چاکسازی و هەم بە ئیحتیواکردنی لەلایەن هێزی سەدریەوە ، خامۆش بکرێت.

ئامانج و داخوازیەکانی ئەم جۆلەی نوێیەی بزووتنەوەی ناڕازایەتیی ناوبراو زۆرن و تەکنیکن لە داخوازیی ئابووری و بەچاککردنی ژیان و گوزەران و دابینکردنی خزمەتگوزاری بەتام شانبەشانی ئەو داخوازیانەی و وەکوو تایبەتمەندیەکی نوێی بزووتنەوەی ئێستا کەمێك داخوازیی تری سیاسیی تر زۆر بەڕوونی سیمای ئەمجارەی ئەم بزووتنەوەیەیان جیاکردۆتەوە کە گرنگترینیان خواستی هێورخانی حکوومەتی ئێستای عێراقە .
بە دیقەتی زیاتر پەمخێنە سەرەکیترین ئامانج و داخوازیەکانی ئێستای بزووتنەوەی ناوبراو لەچەند خاڵدا هێز بکەم :
یەکەم : داخوازیەکانی گشتیەکانی تایبەت بە بواری خزمەتگوزاری و بارودۆخی ژیان و گوزەران .
١/ کار و دابینکردنی بواری کار بە ملیۆنها بێکار لە ووڵاتدا. هادی بێکاری لە عێراقدا گەیشتووە بە بەرزترین ئاست و داهاتووی ژیانی ملیۆنها لە لاوانی ووڵاتی تاکردووە.

٢/ هەژاری و کەمدەرامەتی و ئاستی نزمی مووچە لەبەرانبەر گرانیی بوونە.

٣/ داتەپینی ژێرخانی خزمەتگوزاریی عێراق و ئاستی زۆر نزمی خزمەتگوزاریی گشتیی دووەتیی بەتایبەتی لەبواركانی ئاوی

خواردنەوە و کارەبا و ئاگووبان و تەندروستی وھاتوچۆ و خۆشگوزەرانیی گشتی کە بەھۆی زیانی لێکەوتەی و بۆتایبەتی لە چینە نەدارەکان تاکردووە.

٤/ کۆشەی نیشتەجێبوون و خانووبەرە بۆتایبەت بە لاوان و نەوەی تازەی ووڵات.

٥/ هاوپەیمانێتیی عێراقی بۆدەستی سیستەمێکی ئابووری و بازاڕێ کە لایەکەوە دەوڵەت هیچ مەسئولیەتێك لە بەرانبەر دابینکردنی قووت وگوزەرانی خەڵکەوە لەووی جڕایەتی و چەندایەتیەوە لێستە ناگرێت و لەولاشەوە بۆتەواوی ئەم بوارەی جێهشتووە بە ئیحتیکار و چاوچنۆکیی مافیاکانی بازاڕ و بازرگانی وکەرتی تایبەتی.

٦/ کۆشەی گەندەڵی و نەبوونی هیچ جۆر لە شەفافیەت لە بودجە و خەرج و داهاتی ووڵاتدا. بەپێی ئامارێکی ڕێکخراوی Transparency International (شەفافیەتی نێودەوڵەتی) بە ساڵی ٢٠١٩ ، عێراق لە لیستەکی ١٧٥ دەوڵەتیدا لە پێزبەندی ١٦٨ دایە.
لەکاتێکدا پێژەی هەناردەی نەوتی عێراق لە ڕێژەکدا ٤.٨ ملیۆن بەرمیلە و دووەمین گەورەترین بەرهەمهێنی نەوتە و ژمارەی دانیشتوانی لە ٣٨ ملیۆن کەس تێپەڕ ناکات، بەهۆی دەستەڵاتی پاوانخواز و گەندەڵی ڕێزەی دەستەاتدارەوە هادەی هەژاری بە پێی ڕاپۆرتی بانکی نێودەوڵەتی سەرووی ٢٠ ٪ ی تێپەڕاندووە. ئەوانەیشی کە لەسەرووی ئەو ڕێژەیەوەن لەبارودۆخێکی زۆر سەختدا گوزەران ئەکەن.
بەکورتی ناوەڕۆکی داخوازی و ئامانجەکانی خەڵکی ڕاپەڕیوی عێراق لەم بوارەدا ڕەنگدانەوەی باری قورسی کۆمەکەبووی ووڵاتێکە کە لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی پێشووەوە تا ئێستا کە ئەکاتە نزیکەی ٣٥ ساڵ بەبەشکراوە لە هەموو جۆرە پرۆژە و پلان و ستراتیجیەتێك لە بواری بووژانەوەی ئابووری و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی خواستە بنەڕەتیەکانی زیانی خەڵکەکەی. گۆڕانکاریەکانی سێ شەڕی گەورەی ماوەڕانکەر ودەساڵ شەڕی تیرۆریزم و دووبارەبڕ بوونەوەی دانیشتوانەکەی و چوونسەری ئاستی داخوازیەکانیان و گۆڕانی عێراق بە ووڵاتێک کە زیاتر لە ٨٠٪ دانیشتوانەکەی جێنشینی شارەکانن و لەولاشەوە ژمارەکی تاڵیتاریی دەندە لەسەرکار لابراوە و بیانوویەك نەماوەتەوە بە درێژدان بەو ژێرخانە کاول و بەسەرچووە ، ئەوکات مەودا ومانا و هەڵەندی قووڵی داخوازیە ئابووریەکانی خەڵک لەم ڕاپەڕینەدا ووردتر ئەناسین.

ئیتر ئەم ووتانە بوون بە کەلاوێکی داووخاو کەلایکەوە بیزی ملیۆنیی قوربانیانی هەژاری و دەسکورتی و ژیانی مەرگومژی وەستاون و لەملاشەوە دەسەڵاتدارێتیەك وەستاوە کە مژووی ١٦ ساڵی تەمەنی پێ لەتاوانی گەندەڵی و هۆشینی سامانی ووڵات و مافیای ئابووریی حیزبی و میلیشیای سەرکوتگەر و ئابڕانی سیاسی و حیزبیی خاوەن ملیارەها دۆلار و دۆیان و سەدان دیاردەی زەقی تری قەزەون کە ئیتر هیچ هێگایەکی بە پێکەوەژیان و پێکەوەمانەوەی ئەو دوو جەمسەرەی کەمەگای عەراقی نەهێشتەتەوە.

دووەم: ئامانجە سیاسیەکانی ئاپۆینی عەراقی ئەمڕۆ
١٦ ساڵ لە حوکمڕانیی هەموو باڵەکانی ئیسلامی سیاسیی شیعی و هاوپەیمانێتیی ئەوان و هەڵە کوردیەکان و هەموو باڵەکانی تری دەسەڵات دەری خست کە ئەوان لەپرسراوی ئاستوخێن لە بەرهەمهێنانی ئەو بارودۆخە کە پێشتر باسکران.
سیستمی سیاسیی دەسەڵاتداری عەراق لەسەر بناغەی دابەشبوونی هەڵز و دەسەڵات لەنێوان هەر سێ پێکهاتەی ئیسلامی شیعی و سوونەکان و هاوپەیمانە قومیە عەرەبیەکانی ئەوان و هەڵەکوردیەکان دامەزراوە. ئەم سیستمە گەرچی سەرەتا بەناوی دیموکراسی و بەدیل بە دەسەڵاتی سەرکوتگەری بەعس لەلایەن ئەمریکاوە بەردی بناغەی بە دانرا ، بەڵام لە کردەوەدا شتێك نەبوو جگە لەدابەشکردنی دەسەڵات و چارەنووسی وولات ، بەمانا سیاسی و ئابووریەکەی ،لە نێوان ئیئتیلافێك لەو سێ گرووپە.

ئەمڕۆ دوای ١٦ ساڵ تاقیکردنەوەی زەر تاڵ و پاش کردنی عەراق بەشانیەك بە کوشت و کوشتاری فراوان بەناوی دژایەتیی تیرۆریزمەوە ، عەراقیەکان و لە پێشیانەوە بەشی " شیعە "ی ئەم ووڵاتە بەو ئەنجامە گەیشتوون کە کوشت و بڕی ئەوان لەلایەن بەعسەوە بەتایبەتی لە ئاپۆینی ١٩٩١ بەدواوە، تەنها بوو بەدەسمایەیەکی چۆر بە هەڵز ئیسلامیە شیعیەکان لەپێناوی گەیشتن بەدەسەڵاتی سیاسی و بنیاتنانی سیستمێك کە هەموو سنوورێکی تێپەڕاند لە گەندەڵی و بگرە و چاپلووسی و وڕانکردن و هەڵلوشین و دزینی ژەرخان و سەروەتی ووڵات و گەیاندنی ئەوان بەم هەژگارە تاریك و نووتەکە.

نموونەی تاقیکردنەوەی جەماوەری خێك لە خواروی عەراق بەوورد و درشتیەوە لە کوردستان و لەناو بەشەکانی تری خێکی عەرەبی عەراق دووبارە بووەوە و بەجیاوازیی شێوازەکانی ستەم و چەوسانەوەی سیاسی و چینایەتیەوە خێك هووبووی هەمان بارودۆخی سیاسی و ئابووری بوونەوە وئەوە لەبەتەی تاقیکردنەوەدا سەما کە خێکی عیراق

بەهەموو پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبیەکانیەوە ووبڵێن وستاون لەگەڵ تەپڵێکێك و ئیئتیلافێك لە حیزب و هێزی سیاسیی ئاینی و قومیی ، کوردستانی و عێراقی کە نك نوێنرایەتیی هیچ دەرد و ئامانج و ئاواتێکی ئەوان ناکەن بەڵکوو ئەوان بە هەرموو مانایەك جێی بەعسیان گرتەوە لەدرێژدان بە سیاسەتی ستەمکاری لەم ووڵاتەدا.

جیاوازیی ئەم جارەی بزووتنەوەی نائازایەتیی عێراق لەچاو قۆناغەکانی پێشوو زۆرن کە من لێرەدا هەندێکیان ئاژمێرم:
١/ ئەم بزووتنەوەیە (بزووتنەوەی نائازایەتی ، ئاپڵین ، شۆش یا هەر ناوێکی لێبنرێ) لەسەر بناغەی کەمەڵك ئامانجی تێکڕای ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ئاوستاوە کە پێوەندیەکی ئۆرگانیك پێکیانەوە ئەبەستە و لێکدانابڕێن.

ڕووت و سیاسەتی زاڵی ناو خێپیشاندەران پێمان ئەڵێن کە : بارودۆخی سەختی گوزەران و هەژاری و ژیانی کولەمەرگیی خەڵك تەنها ئاکامێکی میکانیکیی کارکردی بازاڕ و ئابووریی باو نیە لە ووڵاتدا. ئەو سیستم و مۆدێلە ئابووریە لە هیچ شوێنکی دونیادا بەئەندازەی عێراق ئاکامی کارەساتباری بەهەم نەهێناوە. ئەم داووخان و داتپینەی گوزەران و گرفتی قووڵی خزمەتگوزاری لە عێراقی ئەمڕۆدا بەرهەمی نەهج و ڕەبازی سیاسی و بەرنامەی دەسەڵاتدارەتیی هاوبەشی هەموو ڕەوتە سیاسیەکانی بەشدارە لە پرسەی سیاسیی عێراق کە لە ٢٠٠٣ دەستی پێکرد.

بەوماناید ئەوە ئاستێکی بەرزی هوشیاری و دەرك و تێشخیسێکی دروست و نوێی خەڵکە کە ئیتر نە بەوە فریو ئەخوات کە ئەم باڵ و ئەو لایەن تاوانی ئەم مافیساتە بخاتە ئەستۆی ئەوی تر و خۆی لەقوتارکات یا لەهەڵبژاردنی داهاتوودا خەڵ بکاتە چاوی خەڵك و نائازایەتیی خەڵك بکات بەپێچەوانەی گەیشتن بەدەسکەوت و کورسیی زیاتر یا سەرچاوەی مەینەتیەکانی ژیانی ئەوان بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەوان شیعەن یا کوردن یا ...
شیعارەکانی ئاپڵینی ئەستا زۆر سەریح و ڕوشنن کە هیچ تەفسیرێکی جیاواز هەڵناگرن (هەمووتان یانی هەمووتان) ، (کلا کلا للاحزاب) ، (باسم الدین باگونا الحرامیة) ، (لا سنیة و لا شیعیة) ، (نا بۆ ئەمریکا ، نا بۆ ئێران ، نا بۆ تورکیا ، نا بۆ سعودیە ، نا بۆ بەرزانی ، نا بۆ سیستمی بەش بەشنە ، نا بۆ تایفەگەری ، نا بۆ سیاسەتی نەتەوەپەرستی ، بەڵێ بۆ عێراقێکی ئازاد وگەلێکی خۆشگوزەران و ..... تاد) .

٢/ ١٦ ساڵ بەناوی شیعە و سوونە و کورد و عەرەب وچەندین بیانووی تردا پێکهاتە جوراوجۆرەکانی خەڵکی عیراق ئەکرێن بەگژیەکدا و بەشێوەی بەرنامە بۆداڕێژراو هەوڵ پێکهێنەرەکانی هاوبەش لەدەسەڵاتدا خەڵك زیاتر و زیاتر بەشبەش و پارچەپارچە ئەکەن. ئامانجی ئەوان زۆر دیار بوو بۆیە لەژێر چەندین دەمامکدا دیماغۆجیانە ئامانجی خۆیان ئەشاردەوە و توانیان بە قۆناغێك خەڵك فریوبدەن. ئێستا لەجەرگەی ناڕەزایەتیەکاندا خەڵك یەکدەنگ هەموو ئاو هەوێت و ناسنامانە تووڕە هەڵدەدەن وپێداگری لەسەر بنیاتنانی ووڵاتێك ئەکەن کە هاووڵاتی بوون بکاتە ناسنامە هاوبەشی دانیشتوانی عێراق و ماف و ئەرکی ئەوان لە سیستەمکی مەدەنی و دیموکراتیکدا لەسەر ئاو بناغەیە و نەك لەسەر شوناسی بکەمەڵ و دژبەیەکی شیعی و سوونی و کورد و عەرەب پێناسە بکرێ و لەوەوە ئاو هەنگ و بەیە جیاوازانە بگەڕێن بە دیاردەی سروشتی و لەسایەی پیکەوە ژیانی ئاو پێکهاتانەدا مۆزاییکی کەلتووریی عێراقی پێ دەوڵەمەند بکرێت و بکرێت بە خاڵك بە بەهێزکردنی سیستەمکی ئازاد و پێشکەوتوو و مەدرینی دیموکراتی نەك بە پێچەوانەوە هەر وەکوو ١٦ ساڵ ئەیبینین. خەڵك لەخوارەوە بەهەموو پێکهاتە و هەنگکانیانەوە عەودالی پێکەوەژیان و تەفاعولکی پۆزەتیڤ و ئاشتیخوازانن پێکەوە لە سایەی سیستەمکدا کە ماف و ئەرکەکانیان بەیەکسانی وەکوو هاووڵاتی پێناسە بکات و ئاوە حیزبەکانی تا ئێستا ی پرسەی سیاسی بوون کە بە مەرامی خۆیان لەژێرەوە دنەی ئەم پێکهاتانیان لەدژی یەکتر ئەدا و لەسەریشەوە لەناو خۆیاندا براوبەش کەکی دەسەڵات و سەروەتی ووڵاتیان بەشئەکرد. ئەم ئاستە لە هوشیاری و دەرکی سیاسی لەناو خەڵکدا موژدەبەخشی ئاوگۆڕکی گەورەیە لە میزاجی سیاسی و کەلتووری تاکی عێراقیدا کە بوار بە پێکەوەژیان لەگەڵ بیر باوەڕی تایفی و مەزهەبی و شەفینیەتدا بڕتسك ئەکاتەوە.

٣/ پێداگریی خەڵکی ئاپۆیوی عێراق لەسەر پێچانەوە ی پرسەی سیاسیی تا ئێستای عێراق کە لەساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە دەستی پێکرد. ئامانجێکی سەرەکیی ئاپۆیینی ئەمڕۆ پەردەلادانە لەسەر ماهیەتی ئاو سیستەمە بەناو دیموکراتیەی کە ١٦ ساڵە عێراق بەرەو دواوە ئەبات و لە قەراغی وێرانکارییکی گەورەدا ئای گرتووە.
ئەم پرسە سیاسیە لە ناوەڕۆکدا بریتیە لە دابەشکردنی دەسەڵات لەسەر بناغەی تایفی و مەزهەبی و ناوچەگەرێتی وەووحی تەسکی ئیتنیکی لەژێر پەردەی گەڵانەوەی ماف بە کورد و شیعە و چاری پاشماوەکانی بەعس. ئەمریکا ئەندازیاری ئەم مەدڵەی دەسەڵاتداریتی بوو. ئەم مەدڵە لە کوردستان و باقی عێراقدا سەرچاوەی هەموو

نەهامەتیەکانی ١٦ ساڵی ڕابووردوو بووە و درێژدان پێی هەموو عێراقی گەیاندووە بە لەواری کارەساتی گەورەتر و مەیدانی تێراتێنی تیرۆریزم . ئێران و تورکیا و سعودیە و ئوردون دەستیان لە ووردو درشتی چارەنووسی ئەم ووڵاتەدا هەبووە وهەیە.

هاتنەمەیدانی ملیۆنەها خەڵکی عێراق و پیداگریان و قوربانیدانیان بە لەگەڵنانی ئەم سیستمە زۆنگی قەناغەکی پرشنگدارە بە تاکی سادەی عێراقی و کابووسکە بە هەموو پێکهاتەکانی دەسەڵات.
٤/ هاتنەدەنگی سەرتاسەریی خەڵك لە دژی دەستوەردانی ئێران و پلانی جمهوریی ئیسلامیی ئێران بە کردنی عێراق و چارەنووسی خەڵکەکەی بە پێژیەك و ڕەوتێك بە دەستوەردان لە کاروباری ووڵاتانی ناوچەکە و چاری قێرانەکانی ناوخۆی لەسەر حسابی خەڵکی عیراق توخمەکی تری ئەو هوشیاریە نوێیە کە خەریکە لەناو دڵی ڕاپەڕینی ئێستاوە لەدایك ئەبێت.

ڕاپەڕینی ئێستای خەڵك بەدروستی ئەو خاڵەی کردووە بە بەشەك لە پلاتفۆرمەکەی کە ئێران پشتگیری و بگرە ئەندازیاری سیستمی تایفی و ڕاووڕوتی ئێستای عێراق و مەرجەعی ئایدیۆلۆجیی ئیسلامی سیاسیی شیعیی عێراقە کە ووڵاتی بەم ڕەڤز و حاڵە گەیاند. ئێران عەوابی میلیشیا شیعەکان وسەرچاوەی نائەمنی و فیتنەیە لەم ووڵاتەدا و ئەبێ دوایی بهێنرێت بەنفووزی.

بەئەوەی وەکوو هەندێ لەباڵەکانی بزووتنەوە و هێزە قومیە عەرەبیەکان کە ئەیانەوێ هەموو هەکارەکانی ئازمەی سیستمی سیاسی و ئابووریی ئەم ووڵاتە لەچاوی ئێران بناسنەوە ، من پەموایە ئێستا گرێدانەوەی بارودۆخی فۆلاکتباری خەڵکی عێراق بە ڕەوتی ئێرانەوە لە عێراقدا وەکوو فاکتەرێکی سەرەکی ، تەشخیسێکی دروست و تایبەتمەندیکی ئەم قۆناغەو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی ڕاپەڕیوی عێراقە.

٥ / ١٦ ساڵە تێراتێنی ئیسلامی سیاسی وپایگای بەهێزی هەردوو باڵی سوونی و شیعیی ئەم بزووتنەوەیە ، بەخاڵی هاوبەش و ناکۆکەکانیانەوە، ڕەوتی زەق و ڕەقی هەڵە ئیسلامیەکانی بەتەواوی لە چێپاوی ئەم قۆناغەی عێراقدا دەرخست. ئێستا حیزب و لایەنە ئیسلامیەکان خاوەنی مەژوویەکی ١٦ ساڵەن لە کوشت و بڕ، دزی وتاڵان ، گەندەڵی و دەسبەین ، زەوتکردنی سامان و مووڵك و ماڵی گشتی و هی خەڵك ، دروستکردنی میلیشیا و ڕاووڕوتی چەکدار و تیرۆری نێرانی سیاسی.

ئەستا بەفەرمی ئەو هێزە ئیسلامیەکان گەلاویانە، ئیتر نەک بەتەنها قەوارە سیاسیە ئیسلامیەکان بەڵکوو ئیسلام و مەراجیعی ئاینی وەکوو دامەزراوە و باوەڕێك تەماشا ئەکرێن کە سەرچاوە و هەکاری ئەو گوزارانە تاڵ و تفتێن کە خەڵك ١٦ ساڵی ڕابردوو پێوەی ئەناڵێنێت. ئەوە ئاوەڕۆکی جەرایەتیی گەورە و بەهێزە لە عەقڵی دەستجەمعیی خەڵکی خواروو عێراقدا کە زەمینەیەکی گونجاوی بەهێز ئەخوڵقێنێ بۆ بەرپاکردنی سیستەمکی علمانی و مەدەنی لە عێراق و جێهێشتنی کاروباری ئاین بۆ تاکەکان لێم ووەاتەدا.

٦/ دەستووری عێراق بەگشتامە و چەترەکە بۆ شەرعیەتدان و بەیاساییکردنی ئەو سیستەمی کە پێشتر سروشتە سیاسیەکەیمان باسکرد. ئەم دەستوورە عێراقی بەفەرمی وەیاسایی کردووە بە ووەات و مەبەندی مەزهەب و ئایین و نەتەوەکان نەك ووەاتەك کەلەسەر بناغەی پەیوەندیی هاووەاتیی ئازاد لەبەرانبەر دەسەڵات و یاسادا دامەزرابێت. بوونی پێکهاتەی سوونی و شیعی و کورد و تورکمان ، ئیسلام و مەسیحی و دیندار و بێدین ، نابێ ببن بە بیانوویەك بۆ پێناسەکردنی ئەرك و مافە یاساییەکانی هاووەاتی لەسەر بناغەی ئەوانە. هەر لەدەرئەی ئەوەشدا ووەکوو بەشەك و تایبەتمەندیەکی پرسەی سیاسیی تا ئێستای عیراق کە ئەمریکا داگیرکاری بوو، هەر سێ دەسەاتەکەی عێراق واتە سەرکایەتیی کەمار و سەرکایەتیی وەزیران و پەرلەمان لەسەر بناغەی مەزهەبی و قومی لە نەوان هێزە سیاسیە شیعی و سوونی و کوردیەکاندا دابەش ئەکرێت و ئیتر هیچ بوار و دەرفەتەك بە هاووەاتی ناهێنێتەوە جگە لە ڕیزبەستن لەناو دیواری ئەو پێناسە تایفیە و پراکتیککردنی ماف و ئاواتە سیاسیە یاسایی و دەستووریەکانی لەناو ئەو چوارچێوە تەسکانەدا.

بەرهەمی پرسەیەکی وا هوونە واتە بەرهەمهێنانەوەی هەمان پرسەی سیاسی و بێئەبەدیکردنی و بەهێزکردنی ئەو هێزە سیاسیانەی کە لەسەر ئەو بناغانە دەسەلاتی سیاسی و لەوەشەوە سامانی ووەاتیان لەنەوخێیاندا دابەشکردووە.
ئەمە ئەم پرسەیە خەریکە بەبنبەست ئەگات و دابڕینی بەرچاوی ڕێژەی دەنگدەران لەدووایین هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا لە عێراق و کوردستانیش زەنگی مەرگی ئەم مەدڵە هسوا و پێپووتە بوو. بەڵام بنبەستی عەفەوی و خەبەخە و نەگەتیف جیاوازە لەوەی کە ئەمە لەگەڵ پانی خەپیشاندانکانەوە ئەیبینین. ئەمە خەریکە ئەو پرسەیە ئەچێتە قۆناغێکی تر و لە جەرگەی خەباتێکی سیاسیی سەرتاسەریەوە ئەبە بە داخوازیەکی سەرکیی خەڵکی عێراق . لەسەر

ئاڵای پلاتفۆرمی ئەم بزووتنەوە ناڕازایەتیدا نەقشی دەستوور و پرسیەکی بەدیلی سیاسی سەردەنت کە نەفی سەرجەم پرسی سیاسیی تا ئێستای بەشبەشنە و تایفی و تەوافوقی ئەکات کە دەستی هەموو لایەنەکانی پرسی ئێستای سیاست لە عێراق ئەبەت و لەجێی ئەو خوازیاری جێگرتنەوەیەتی بە پرسیەکی سیاسیی ناکۆك لەگەڵ ئەودا.

ئەو پێداگریە شەشگۆانیە بە گۆڕینی دەستوور وەکوو دایکی پرسی سیاسی ناوزەاوی ئێستای عێراق ، شیعە و شۆپێی هەندە لایەن و بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی بەدوای خۆیدا هێناوە.
پارتی و یەکێتیش (گۆرچی ئەمیان نایەوێ خۆی بکاتە سووڕی بەرلەشکر و چاودێریی ڕووتی ڕووداوەکان ئەکات) ئەزانێت کە پرسی سیاسیی ئێستا شەرعیەتی ئەوەی بەو داوە کە بەناوی کوردەوە هەم پرسی سیاستکردن و زەوتکردنی دەسەات لە کوردستان دژێ پێبدات و هەم بە بەهێزکردنی ئەو مەرامەش لە بەغداش بەناوی کوردەوە دژێ بە حوزوری خۆی بدات و بەشە سامانی کوردستان بکرێت بەدیاریەکی یاسایی بە ئەو. جگە لەوەش پارتی تا ئێستا کەسی وەکوو عادل عبدالمهدي دەسناکەوێت کە پاپشتیی لە سەفقاتەکانی بکات لەبواری نەوت و بودجە و پەیوەندیی بەغدا و هەرێم.

لەوەش واوتر ، پارتی باش ئەزانێت کە دەسکاریی دەستوور یا گۆڕینی سەرتاپای ئەو دەستوورە ی کە بەباڵای ئەواندا بڕاوە ژێر پێی ئەوان خاڵی ئەکات چ وەکوو " نوێنەری کورد لە بەغدا " و چ وەکوو هێزێك کە لەکوردستاندا وەکوو ئەمری واقیع بەسەر خەڵکدا سەپاوە. پارتی چونکە گەشکراوە بە گیانی شەفینیزم باش لەوە تێگەیشتووە کە تەنها بەرهەمهێنانەوەی ئەو شەفنیزمە لەناو هێزەکانی کورد و عەرەبدا سەنەدی مانەوەی ئەو دابین ئەکات.
هێشتا هیچ ئاماژەیەك لەناو خۆپشاندەرانەوە نەدراوە سەبارەت بەو ماددانەی دەستوور کە پەیوەندیان بەمەسەلەی کوردەوە هەیە کەچی پارتی و میدیاکارەکانی دەستیان داوەتە کەمپەینی هەڵخەڵەتاندنی سەز و هەستی کوردایەتی بەنام کێشەی ئەوان شتێك نیە جگە لە ترس لە هەڵوێستێك لەو چەترە یاساییەی کە دەستوور بە دەسەاتی سیاسی و ئابووری ئەوانی فەراهەم کردووە. لەو نەوشدا دیان قەڵەم بەدەست و نووسەر بەنیەتی پاك و لەکدانەوەی نادروست لە سروشتی ئاپێنی ئێستای عێراق لەوبارەوە یا لەژێر کاریگەریی ئەو گیانە شەفنیزمی پارتی ووروژاندوویەتی بوون بە هاوکار و تەواوکەری ئەو چەواشەکاریە عەمدیی پارتی.

٧/ گەینی یاسای هەبژاردنەکان و یاسای کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەبژاردنەکان و هەوشاندنەوەی میلیشیاکان و ڕەکخستنەوەی پێوەندیە دەرەکیەکان و یاسای نەوت و غاز و دەیان بابەتی تر ڕەنگدانەوەی ئاستەوخێیان بووە لە چوارچێوەی دروشم و پلاکارد و پلاتفۆرم و داخوازیەکانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی ئێستای عێراقدا و جێی شایستەی خۆیان کردۆتەوە.
هەموو ئەوانە و پەداگریی سەرسەختی خەڵك لەسەریان سەرباری ژمارەی زۆری قوربانیەکان ، نیشاندەری ئەوەن کە خەریکە بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی ئێستای عێراق پێئەنێتە قۆناغێکی نوێوە و سەروسیمای بزووتنەوەیەکی شۆشگێڕانەی سەرتاسەریی عێراقی بەخۆوە ئەگرێ.
ئەم بزووتنەوەیە توانی بەشێنیی سیاسەت و هەوەستەکانی ، جگە لەوەی کە کەشی تایفیەت و مەزهەب ونەتەوەپەرستی وەکوو سە کەسپی باوی ناو عەقڵی سیاسیی داسەپاوی قۆناغی ئێستا تێپەڕێنی ، توانیوشیەتی تا ئەم قۆناغە شکست بهێنێت بەو هەوڵانەش کە ئێران و ئەمریکا بە پاشکۆی مەترحیان کردووە.

ئێران سەرەتا هەوڵیدا بە پلانی بەشداریی ئاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە سەرکوتی خۆنیشاندانەکاندا و بەتایبەتی بە بەشداری پێکردنی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لەپاڵ هێزەسەرکوتگەرەکانی حکوومەتی عێراق بارودۆخی عێراق بگێڕێتەوە بە پێش ڕۆژانی ئۆکتۆبەر. بەڵام ئەم پلانە فشەڵیی هێنا و بەدوای ئەودا جگە لەسەرکوت پەنای بردە بەر بەندوبەستی سیاسی و لە ڕێگەی ڕەوتی سەدریەکان و نزیککردنەوەیان لە ڕەوتی بەدر هەوەکانی خستگەڕە بە خستنەڕووی هێندە پشنیار و پەسندکردنی بەشێك لە داواکاریەکانی خۆپیشاندەران لە چوارچێوەی بەرنامە و یاسایەکی ئیفەرمدا بەڵام پەداگریی شۆشگێڕانەی سەرتاسەریی ئاپەرانی بزووتنەوەکە ئەو پلانەشی پووچەڵکردەوە.

ئێران لەڕێگەی قاسم سلەمانیی سەرکردەی سوپای القدس کەیان ندا و دواتر ویستیان مەرجەعیەتی شیعی بەشدار بکەن لەو هەوڵیاندا و لەویشیاندا سەرکەوتوو نەبوون و ئێستا هەموو هەوڵەکانیان لەسەرکوتدا چەکردەتەوە گەرچی هاوتەریب لەهەوڵی خستنەگەڕی هەر هەوڵێکی تری سیاسیشدا درێغی ناکەن.
لەپەنای ئەو هەوڵانەدا ئەمریکاش بە ڕزگارکردنی دەستاتی تایفیی عێراق و لاوازکردنی ئێران لەڕێگەی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پرۆژەیەکیان خستەبەردەم خۆپیشاندەران کە بەتوونەدی بەرپەرچ درایەوە.

شکستی ئەو هەوڵانە ، سەرباری شکستی هەوڵەکانی سەرکوت یا وادە و بەڵێنی فریوکارانە لایەن دەسەڵاتەوە، نیشاندەری قووڵی و بەهێزی و ئاستی بەرزی هوشیاریی خەڵکی بەشداربووی بزووتنەوەی ناڕازایەتیی ئێستایە. ئێستا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕووتی شۆڕشگێڕانە و ڕادیکال زیاتر ئەبە بە خەسڵەتی سەرەکیی ئەم بزووتنەوەیە. ڕەتکردنەوەی هەموو پلان و نەقشە ئیفەرمیستەکان لەناوەوە و دەرەوەی ناڕازایەتیکارەوە ئەم بزووتنەوەیە زیاتر بەئاقاری شۆڕشێکی سەرتاسەریی عەراقی ئەبات.

گشت ئەمانە ئابە ئەوەمان لەیاد ببات کە لەپرسەی بەرەوپێشچوونی تا ئێستا و قووڵبوونەوەی خەیدا ئەم بزووتنەوەیە ووبەووی زەر ئەرك و پرسیار و لەپرسراوەتی ئەبتەوە. ئەو ئەرکانە هەم سیاسین هەم ڕێکخراوەیی و هەم فکری. دەرئەکشانی ئەم بزووتنەوەیە کوسپ و لەمپەری زەریشی لەبەردەم و بەخەم ناوات پێش و کێشە و کەموکوڕیی زەر یەخەی ئەگرن.

١/ ووڵنبوونەوە و تەعمیمی پلاتفورمی سیاسی ئەم بزووتنەوەیە ، واتە تاووتوێکردنی نەقشەگای سیاسیی ئەم قۆناغەی بایەخی تایبەتی و سەرەکیی هەیە. لەبەژنگدان و شانۆکەوکردنی شیعار و داخوازی و بیروباوەڕسیاسیەکانی تا ئێستای بزووتنەوەکە و تەکمیلکردن و پوختەکردنی لە ڕێی میکانیزمەکان و ڕایەڵ و پەکانی خودی بزووتنەوەکەوە و دەرهێنانی بەشۆەی پلاتفورمێکی سیاسیی پان و پڕ کە گرنگترین ئامانجە سیاسیەکانی ئێستای ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕە لەخەی بگرێت ، خەراترین ئەرکی ڕابەران و چالاکوانانی ئەم بزووتنەوەیە.
ئیتر ئەم بزووتنەوەیە ئابە ئەو چوارچێوەیە تێکبشکێنە کە هەر بە نا بە سیستمی ئێستا و سەرجەم بارودۆخی ناهەمواری ئێستای ووڵات بەکوو ئەرکیەتی بە ڕوونی سیاسەتی پێزەتیڤی خەی بیان کات. بزووتنەوەی نا و تەنها داخوازیی نێگەتیڤ بە سەرەتاکانی بزووتنەوەکە گونجاو بوون و قۆناغی داهاتوو خوازیاری پلاتفەرمی سیاسی و کەمەایەتیی مەسئوول لەبەرانبەر سەرجەم کەمەگایە.

٢/ شەوازەکانی خەباتی ئێستا و تاکتیکەکانی ناڕازایەتیی ڕۆژانە پێویستیان بە تەدقیق و ئاوگۆ و هەمەڕەنگ کردنە. شێش کە بوو بە ڕووداوی ڕۆژ هونەرکە ئابە فەری ووردەکاریەکانی بیت ئێگینا قوربانیی زەری ئەو و هێزی زەر بەفیڕۆ ئەدەی.
بە تەنها درێژە کێشانی شەوازەکانی خەباتی ئێستا ، ڕەنگ بە هێز لە شۆڕشگێڕانی ئامادە لەمەیدان ببێت و هێزەکانی سەرکوت چاوەوانی ئەو بکەن.

٣/ بەهێزکردنی هایەک و پەی تێکی فراوان لە نێوان شارەکان و ناوەندەکاندا تا هاوئاهەنگی وپلانی هاوبەشی هاپەین زامن بکات.

٤/ سەرباری پەداگری لەسەر خیتابەکی عێراقیی نیشتیمانی تەندروست کە سنوورەکان تایفە و لایەنگریی مەزهەبی و ئاینی و نەتەوەیی و ناوچەگەرایەتیی تێپەراندووە، ئەبێ هاپەین خاوێنی پلانێکی خێرا بێت بۆ بەشداری کردنی ناوچە و شارەکانی کوردستان کە هەمان بارودۆخی نەهامەتی تیایدا زالە جگە لەشارەکانی وەکوو مووسڵ و تکریت و هیتمادی و دیالی و شاروچکەکانی تر.
ئەستا فراوانکردن و قووڵکردنەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی عێراق لەگرووی سەوکەوتن بەسەر ئەم کێشەیەدایە.

٥/ دروستکردنی هایەکی تووندی پەیوەندی لەگەڵ کۆمیونیتیی عێراقی لەدەروەو کە هێزێکی ناڕازی و خاوێنی ئیمکانات و توانایی زۆر و ئامادەییەکی زۆرە کە ئەتوانێ هاوکاری و پشتیوانیی زیاتر بۆ بزووتنەوەکە لەئاستی نودەوەتیدا دابین بکات.

٦/ گۆرچی وەکوو تایبەتمەندیەکی ئەم قۆناغەی بزووتنەوەی ناڕازایەتیی عێراق، ژنان بەشداریەکی بەرچاویان هەیە بەڵام هێشتا لە ئاستی پێویستدا نیە و هێشتا ترس و دڵەڕاوکێ لە داب و نەریتی کۆن و دواکەوتووانە و زۆر جگەری تر ماون کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەستایان بەبەشکردووە لە سەرچاوەیەکی گەورەی خەباتکارانە کە پێویستە بەرنامەی ووردتری بۆ دابڕێژرێت.

٧/ گەلانی ئێران ئێقەی بەدەنگیان تێکشکاندووە و ئەستا بزووتنەوەیەکی فراوانی جەماوەری سەرتاپای ئێو ووڵاتی داگرتووە. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەستا لە ئێران و عێراقدا ئەتوانن بە هووبڵووبوونەوەی هەردوو ژیمە هاوبەبت و هاوەڕام و هاوعەقیدەکەی هەردوو ووڵات بەرەیەکی هاوخەباتیی هاوبەش گرێ بدەن. هیچکات بارودۆخ بۆ ئەندازەی ئەمڕۆ وا لەبارنەبووە بۆ دوایی هێنان بەدەستهاتی نەگریسی ئەم دوو دەستهاتە سەرکوتگەر و گیانەوەی دەستی و برایەتیی نێوان هەردوو ووڵات لە چوارچێوەی پاراستنی سەربەخۆیی هەردوو وولاتدا.

بزووتنەوەی ناڕازایەتیی ئەستای عێراق یەکێك لە درەخشانترین وەرچەرخانە کە ئەم ووڵاتە لەدوای شەشی ١٤ ی تەموزەوە بەخۆوە نەدیوە. ئەم بزووتنەوەیە هەر ئەستاکە بووە بە خاڵی وەرچەرخانێکی پڕزەتیف لە کۆمەڵگای عێراقدا و چەندین پەیامی لەهەناوی خۆیدا

هەڵگرتووە. ئەو گیانی برایەتی و هاوخەباتیەی لەدەی ڕابەینی ئەمەوە لەناو خەڵکی عیراقدا سەردەدەنە لە بیست ساڵی ڕابووردوودا نموونەی نەبووە.
نادروستترین شێوەی بەرخورد بەم جووڵانەوەیە ئەوەیە کە ئارەزوومەندانە و لە بورجە عاجیەکانەوە سەقفی باڵاتر و باڵاتربە ئامانجەکانی دەستنیشان بکەین ولەوەوە پەتای ڕادیکالیزمی ناو مەشکی خەمانی تیا بەتاڵ بکەینەوە و فشەڵی سیاسیی تا ئێستای ئەم یا ئەو لایەنی پێ تیماربکەین.

بزووتنەوەی ئۆکتۆبەری عێراق کاردانەوەیەکی سروشتی و ئاسیلە لەبەرانبەر تراکوماتی چل ساڵ سەرکوت و بەمافی و غیابی دادپەروەری و یەکسانیی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە ١٦ ساڵ لەمەوپێش وەهمی چارەسەرکردنیان تیایدا چاند بەڵام هیچ بەرەکی نەبوو. جگە لەوەش ئەم بزووتنەوەیە نافی خەباتی ئەو هەموو حیزب و لایەن و هێزانەش کە زیاتر لە سێ دەیە پەیامی شۆڕش و ئاوگۆ و مقاومەت ئەدەن بگەوی خەڵکی بەشمەینەتی ئەم ووڵاتەدا بئەوەی بتوانن سەنگەرێك لە خەباتی ئەواندا لەبەدەن و ڕۆحی بچووکیش لەسەفەری پەردەو ئازاری ئەواندا بگەڕن و ئێستاش سەرگەرمی فەسەڵکانی ووتنەوەی دەرسی ڕادیکالیزم و دیاریکردنی مواسفاتی بزووتنەوەی "معلب" وەڵتکردنەوەی هەموو شت و دیاریکردنی سەقفی بەرزتر و بەرزترن بۆ ئەم بزووتنەوەیش.

ئەم بزووتنەوەیە کۆتایی هێنا بە مێژوویەك لە کودی سیاسی لە عێراقدا و جارێکی تر و پاش چەندین دەیە بەغدا و خواروی عێراقی کردەوە بە ناوەندێکی سەرەکیی ئازادیخوازی وسەدای ئینسانی حەقخوراو.
وەکوو هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە سروشتیەکان کە پێویستیی کۆمەڵایەتی ئەیان خوڵقێنێت نەك زادەی فووتکردنی ئایدیۆلۆجی بن ، بزووتنەوەی ئێستای خەڵکی عێراق مەیدانێکە بۆ سەرهەڵدان و بەشداری و هاتنە مەیدان و تێفاعولی دەیان بیروباوەڕ و توێژی کۆمەڵایەتی و دیدگا و هێوتی سیاسی وسەرەنجامیش لەو شوێنەدا لەنگەر ئەگرێ کە هێزی ووردبین و سیاسەتی واقیعبین و تاکتیکی دروست ودایناميك و مرونەتی سیاسی بۆ دەستنیشان ئەکات و پڵکێشی ئەکات بۆ.

عدنان كريم
سدني
نۆڤەمبەری ٢٠١٩

گیانی تۆقیو لە خەونە شیعریەکەی ئازاد ئەسوەدا … لەتیف بۆوار

دەقە شیعریی (پ بە کلکی شڕکی نووستوودا ئەنم)ی شاعیر ئازاد ئەسوەد بەس وەرچەرخانی فۆرم نییە، بەکو دژە باوی بونیات و وێنەو تییماشە، شتێك لە دادایی و سوریالیزم و فرێدزم و تەنانەت رووبەرێکی گەورەش بۆ خەونی داهێنەرانەی تێدا هەیە، یان رووتر بڵێین ئەو دنیایەی زۆر نزیکە لە روحەوە، ئەم دەقە شیعرییە نەك هەر لە شێوەدا سەرنجڕاکێش و جیاوازە بەوەی دێڕەکان بە پێی هەناسەی دیمەنی کۆپلەکان درێژو کورت دەبنەوەو سەرواو مۆسیقای تایبەت بە خۆیان هەیە کە لەگەڵ تابلۆی هەر کۆپلەیەکدا یەکدەگرنەوە، بەکو پێرە لەو دیمەنە ترسناکانەی لەخوار ژیرییەوە زۆرێك لە ئێمە دێت بە دەرووندا و بەڵام ناتوانێت دەربڕینی لە بکات، تەنانەت زۆر جار وێنەکان وەك ئەو وێنە سەیرو ئازاربەخشانەی ناو خەونی کاتی لەرزوتای نەخۆشی لێدێت، ئەوەی پیی ناخۆشەو لە خەماندنیدا نەبووە دەیبینێت و هەرچییەکیش دەکات لێی رزگاری نابێت، خولەك و کاژێرو چرکەش لەوێ زۆر جیاوازترە لە پێوانەی کاتی ئێمە دنیایە ، بەڵو تەنانەت کۆکردنەوەی پێچەوانەکان و نەگونجاوەکان و ڕێزکردنی پارادۆکسەکان و وێنە دوای وێنەی تازەی خودی شاعیر یەك لە دوای یەك هۆشی خوێنەر کەلەپچەی ساتەکانی خۆیان دەکەن، ئەمە راستە چونکە لە دنیای روحدا قەوارەی تەنەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، دەکرێت دڵی خوێنەر توشی هەڵەنجدان بێت کاتێك پەنجەیەك بەبینێت هێندەی کیوێك و ئەستێرەیەك هێندەی هەماتێك، لەم شیعرەدا شاعیر توشی لێکئاڵاسکانی تەمەن دەبێت و جارانێك خۆی بە پیریی دەبینێت و لەپڵکدا گەنج و پاشان منداڵ، ئەم تابلۆ چڕە سوریالییانەی زۆر جوان تەعبیر لە خودکی شێواوی هەڵهاتوو دەکات لە هەموو ئەو کارەساتە مەدرنانەی شاعیری بەو دەردە بردووەو بەکونە رەشەکانی گەردوون کونی جەرگی شاعیریشی تەنیوەتەوە، جا لێرەدا دەبێت بە خوێنەری ڕەمانسی بڵێین گەر بە دوای چەشەی باوی رەزم و سۆزدا لەم شیعرەدا دەگەڵی باشتر وایە

خۆت شەکەت نەکەیت، چونکە لێرەدا هەر دڵۆپێکیش دەکرێت وەکو بابەتێکی سەربەخۆ و پەیوەستدار بە نووسەرێکی تری گەردوونی و زانستییەوە لکا بێت و پێویستی بە سەلیقەی کەسێکی خاوەن مەعریفەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکات و راقەی بۆ بکات و لە دووی بچێت و دڵزرانەوەی نوێی بەدوادا بێت:
من هاتووی ناو بورکانی تابلۆیەکم؛ شلەبەردی ئاگراویی لە ئۆژایۆ سەر کاشیی پیشانگا
تا کار دەگاتە ئەوەی خود هێندە بچوك و جیاواز دەبێت لە ناو تابلۆیەکەوە لەگەڵ بورکانەکاندا دێتە دەرەوە و پارادۆکسی (شلەبەردی- ئاگراوی+) وەسفی ئەو دوو دنیا جیاوازەی واقیع و ئەندێشەیە کە شیعرەکە کاریان تێدا دەکات.
ئیتر لێرەوە بەشێکی تری ئەکشن دەست پێدەکات دوای ئەوەی لەسەرەتادا شاعیر وەسفەکانی تەنی خود تەواو دەکات و دێتە سەر رووداو و پێشهاتەکانی ناو ئەم کابوس و خەونە ناخۆشە، ئیتر لێرەوە بە هەموو ئەوانەی خوار تەمەنی 18 ساڵ دەڵێین باشتر وایە خۆتان بە خوێندنەوەی ئەم شیعرەوە سەغڵەت و شەپۆلو نەکەن، چونکە زۆر زیاتر لە دیوی ماتریاڵ ڕەدەچێتە نێو ئەو جیهانە پەنهانانەی لە چیرۆکە ترسناک و فلیمەکانی ترس و تۆقاندندا پێشچاومان دەکەوێت، ئەو دیمەنانەش لە ژیگای ئیکاردی شیعرییەوە لە مێشکی خوێنەردا چاپ دەبێت و لەکاتی تەنیایی و شەو و خەو و چوونەسەرئاو و ...تاد دێنەوە پێشچاوی:
ئ ئەسکەپۆیکاری دەستکی زل، بێ ئیتمێکی ژک، بێ نووکی پێنج لە پێنجەرەکەم ئەدات
بروسکێك بەتاوقی سەرما دێ. گوڵاڵە ڕەشکانی دەوری گورچیلەم لە دەمماوێ سەردەردێنن
بە دەرپێی کورتاوێ خەم ئۆگەیانمێ داڵان؛ جێێ جێی دەرگای واڵا.
زێی کۆچکی هێدراو لە متبۆق. نێی دووکێ و، زێی جنۆکە
لەناکاو گێپی تواڵت دائۆگیرسێ
شوێنپێی تێی سەر پێپلیکانەکان. پارچە شووشە و دەمامکی نیمچە سووتاو.
کلکی مارێك ئاوی تواڵت ئەشقەنێ و خێی ون ئەکات
دەست بە دەسکی دەرگا ئەبەم؛ قیژەی لێو هێئەستێ
لەناو لیك و ئارەقدا لەخۆو ڕائەچڵەکەم؛
وەك چۆن لەبەشی سێهەمیشدا دەگەینە حەقیقەتی زۆرانبازییەکانی مێژووی کۆن و نوێی مرۆڤایەتی و تەواونەبوونی کێشەکانی نێوان ئادەمیزادەکان و شیکاریی ئەم هەموو رووداوە کۆن و نوێیانە لە نەستی شاعیرو گێڕەپنەکانی دەروونیدا، بەڵام پێ لە کۆلاژو

ئاوەتەبوونی مژووە دڕین و نزیکەکان، لەوەوە دەمانەوێت بگەینە بەرەنجامی ئەم هەموو شەکەت بوون و نائارامییە و چێنیش لیی دەرباز ببین، بەلام بەسوود لە بازنەیەکی داخراودا دەسوڕێنەوە تەژی لە کاراکتەری فلیمە سینەماییە سەرسوڕهێنەرەکان، دەبێت خۆنەر بێ تێگەشتن لە وردەکارییەکانی ئەم کارە شیعرییە نە پشت بە سڕز ببەستێت نە بە ئاوەز، چونکە دەرهاویشتەکان هی هیچ کام لەو دوو دنیایە نییە، لەرەوە گرنگی دێخە نەزانراو و پەنهانەکانی بوونی ئادەمیزادمان بێ روونتر دەبێتەوە، تا بپرسین چی وای لە شاعیرێك کرد ئەم دیمەنە سەمەرانە بئافرێنێت؟ گەر بوونی نەبێت لە دنیاکانی پشت دنیای واقیع و لەژیکی ئامڕزان لە گیان و جەستە، ئەم بارە دەروونیە پڕ شەژان و بێ ئاقرەییە دەکرێت دەربڕی حاڵەتێکی دێخی خودی شاعیر بێت کە نامانگەیەنێتە هیچ و بە جۆرێك لە جۆرەکان لەو دڕژەیەدا بمانهێڵێتەوە، جگە لە ترس و دڵەراوکە، یان کانگای دەروونی پڕ لە نەهامەتی و شکستەکان بێت و بەو خەونە ناخۆشانە لێکدانەو راڤەیان بێ بکرێت، کەواتە ئەم زمانە پڕ هونەرکارییە کارامەییەکی مەعریفی و ئاگایی لە پشتەوەیە کە دەتوانێت دەربڕین لە پشکی خودناگای تاك بکات، ئاوهاش خۆنەر بە پەرشەوە لەگەڵ شاعیردا دەیهەوێت دەرگاو ڕێگایەك بدزیتەوە تا لەو کابووسە مەترسیدارە رزگاری بکات کە خستوویەتییە ناو ئەو دنیا پڕ تەلیسماویەوە، بی ئەوەی لە گیان و خەون تێبگەین ناتوانین لەم دەقەش تێبگەین، ئەو دوو دنیایەش هەمووان ئەزموونی دەکەین و پێدا تێپەڕ دەبین بێ ئەوەی شتێکی ئاوهاش لە حەقیقەت و کونهیان تێبگەین، هەروەکو ڕێبوارێك واین بە بن سێبەرەکەیاندا تێپەڕ ببین و شتێکی ئەوتۆشمان لە یادنەمێنێت دوای ئەوەی لەو خەونە ناخۆشانە بێدار دەبینەوەو ناشگەینە هیچ سەرەداوێك چونکە زۆرمان ماوە ئاوەتەی خودی ئەو جیهانە پڕ جادوو و تەلیسماویە ببین.

جووکان لە موسا یاخی ئێبن و بەدەوری گەلەکێکی زۆیندا ئەخولێنەوە لە شەقامێکی قەڵەباغدا لەشکری ئاشوورییەکان بە تیر و کەوانەوە مارش ئەکەن

قژە و فەلەکناس، پشت لەیەك، دە هەنگاو ئەنێن و لەگەڵ ئاوەدانەوەدا رووی دەمانچە لەیەك ئەنێن...

هەزاران باڵندە لەژوور سەری پیرەمێردێکدا ئەفڕن؛ لە جەنگی رزگاریدا پاڵەوانی نەتەوەیی بوو، ئێستاش نیمچە شێت

مرۆڤێکی درژکەڵەی بەدەست و قاچ، لە پستی مار، لە قوژبنی بنمیچی دارینی نزمی کۆخێکدا، شەڕی پارتیزانی لەگەڵ جوتیارێکدا ئەکەم بە خاکەنازەوە بەم دەم.....

پ بـ کلکی شـرکی نووستوودا ئـنـم. خـم بـ ورچـکدا ئـکـشم. پـم
لـ مارکی سـ هـئـکـوـ و ئـکـومـ سـر پشتی تیمساحـك
لـناو لیك و ئارـقـدا لـ خـو ـائـچـکـم؛
زـر دهـنـت لـهسـر ئـم شیعره بوهستین و بدوـین بـام من لـرهدا
هـر ئـم سـرهقـهـمانـم خسـته روو تـاکو ببـتـه دهروازهـیـهك بـ
خـرشاندنی ئـو خـونـهرو نووسیارانـهی دی که ئـم دهقه جوـاندنی و
جیاوازی و نوـبوونـهوـیان تـدا بینـیـیـهوـو درک پـ کرد، ئـهوـی جـی
خـشحاـیـیه هـنده دهوـهـمـنده به لایـهن جـراوجـرهکانی دهکرـت له زـر
رووـهوه لـهسـهری بوهسـتین و وتـوـژی بکـهیـن، شـاعیر خـامـهکـهی کـم
بـهکاردـنـت و بـهـام دهزانـت چی دهنووسـت و چـن دهنووسـت و ئـهمـهش
خاـکی پـزهتیقی کـهموـنـهیه لـم دـخـهدا که قـهیرانی رـشنفکری و
بگره خوـنـهواریی لـه ئارادایه، وـهك چـن ئاواتمان دهخواست زمان و
گوتاری شیعریی کـن و دووبارـمان له شیعرـکی وـهك (هـنگاوـکانی
تارمایـیـك) بـهرچاونـهکـهوتـایه وـهك ئاوتخواسـتن بـه بـوون
بـه:(شـکرـکـیـك بـ دـسـت منـاـکی بـرگ دادـاوی بـ لانـوـ) یـان
نـهفرینـکـی راسـتـهوخـ لـه واقیعـکـی ناتـهبـای وـهك: (ـووبـاری درـ
وـپانتایـیـکی پـ لـ خیانـت وقـدپاـکی پـ لـ دـمامـك) که زـر له
شاعیرـهکان پـشتر له شیعرـهکاندا ئاماژـیان پـداوه، یان دروشمه
کـنـهکـهی شاعیران (خـون بـ ئازادی خاکـوـ ببـینن) یان سادـبوونـهوـهی
زمانی شیعر تا ئـهو رادـیـهی وـهك شاعیرـکی دی له (دـنگـهکان) دا له
شیعـری (لـ سـپـتـمبـردا) بـاـت (چـنـد خـشـ لـگـاـ تـ..دـربـیـنـی
شیعر..چـنـد بـتـامـ...گـوـگرتن لـ مـاملـی... ژـی دـنگت...چـنـد
ناسکترـ...ئیسماعیل سابووریی) یاخود شاعیرـکی تری لـهبری وـنـهگرتن
لـه ساتی خـونـدنـهوـهی کتـبـکی گـهورـهی شایستـهوـه تـهنیا لـیفـلـتـك
بـهدـستـهوـه بگرـت و وـنـهکه بچرکـنـت زـر سادانه و دوور له هـهموو
هونـهرکاریـیـهکی شیعر وـهك له شیعری (گوناح و بقـ و نـکـی ها)دا
هاتووه بـاـت:
ـ دوعای کارامـ شـخـکت بـ بـرـك و
دوان بـم بـر و بـو بـری ژـر سـرینت
گوایـ لـ چاونـفـس و
قـزاوبـاـا..
دورت بخـن
خزم و خـزان و قـومانی نزیگیش
پیـرـزت کـن و
جـژن و هانگت لـ بگـاـن

بەلشەفیزم چ بنەمایەکی ئینتەرناسیونالی گشتی؟ حزبی کرێکاری یان حزبی کۆمۆنیستەکان... ئاسۆ کەمال

لادانی بەلشەفیزم لە بنەماکانی ئینتەرناسیونالی کرێکاران بریتیە لە گۆڕینی پێناسی حزب وەک بەشێکی تایبەت لە چینی کرێکار کە خەتێکی سیاسی و بەرنامەیەکی دیاریکراوی هەیە، نەک وەک حزبی هەموو چینی کرێکار، کە مارکس و ئینگلس پێناسیان کردبوو. لێکدانەوەی ئەم لادانە گرنگە لەم لێکۆڵینەوەیەدا چونکە ، یەکەم ، زەربەی مەدیلی حزبی کۆمۆنیستی سەدەی ٢٠و٢١یش پێیەو لە مەدیلی بەلشەفی دەکەن و ئەمە بە مەدیلی حزبی چینی کرێکار لەقەڵەم دەدرێ و ئەمەیگری بەردەم یەکگرتوبونی چینەکە و دەورگێڕانی بەشە هۆشیبیر و کۆمۆنیستەکەی چینی کرێکارە وەک یەکخەر یاخود یەکگرتوکاری چینەکە و ماناوەیەتی لەپراوێز و سێکتی پاسیڤدا. دووەم، ناسینی ئەم لادانە ئەو خاڵە هۆشن دەکاتەوە کە بۆچی ئەم مەدڵە لە حزبی کرێکاری ئیمکانی هەیە بگۆڕێ بە حزبێکی بورژوازی و بیرکراتی لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕش و گرتنە دەستی دەسەڵاتدا. سێهەمیش ، ناسینی بنەماکانی حزبی کرێکاری و جیاوازی سەرەکی لە مەدیلی بەلشەفی حزبە و بەم پێیەش ناسینی مەدڵی نوێی کۆمۆنیزمە چ وەک حزب و چ وەک دەسەڵات و بەرنامەی ئابوری.

بە چونە ناو ئەم باسە پێویستە سەرەتا ئەو بنەمایانەی ئینتەرناسیونال بخەینەڕوو کە پێوەندی بە پێناسەی حزبی کرێکاریەوە هەیە و دواتر مژوو و پرسەی گۆڕانکاریەکان لە ناو حزبی بەلشەفیدا شی بکەینەوە.

ئینتەرناسیونالی یەکەم وەک یەکەم هێکخراوی سیاسی کرێکارانی ئەوروپا لە ئۆکتۆبەری ١٨٦٤دامەزرا. یەکێک لەبنەما سەرەکیەکانی ئەم یەکخراوەیە بریتی بوو لە:

“خاڵی چوارەم.ئەبە هەڵوێستانی دابەشبونی پشووی نەوبزوتنەوەی کرێکاری دوبارەنەکرێنەوە و داوای یەکگرتنی خەڵای هەموو بەشە دابەزاوەکانی بزوتنەوەی کرێکاری بکرێ.”1 لە دوای شکستی کۆمۆنەی

پاریس لە سێپتەمبەری ١٨٧١ەوە مارکس لە ئینتەرناسیونالدا پێشنیاری بەیارەک دەکا سەبارەت بە دروستکردنی حزبە سیاسیەکانی چینی کرێکار و دواتر لە ساڵی ١٨٧٢ زیادکردنی ئەم خاڵانەش تێدا دەبێتە بەیار، کە بڕیارێنەی دەنگ و چەند دەنگەکەی ناڕازی و دەنگی هەڵپەساردوو(٢٩بڕامبەر بە٥ و ٨).

لەم بەیارەدا ئەم بنەمایانە تێئکید لەکراوە: "١.لەخەبات دژی دەسەاتی هاوبەشی چینە موکدارەکان(سەرمایەداران و خاوەن زەویەکان) کرێکاران ناتوانن وەک چینێک چالاکی بنوێنن تا خەیان وەک حزبێکی جیاواز و دژ بە هەموو چینە موکدارەکان ێیک نەخەن. ٣.حزب بە یەکگرتوکردنی ئەو خەباتە ئابوریەیە کە کرێکاران خەیان دەستیان پیکردوە و لەهەمان کاتدا بە بەهێزکردنی ئەم خەباتەیە دژی دەسەاتی سیاسی سەرمایەداران و خاوەن موکەکان."2
ئەوەی لەردا هاتوە هەمان بنەمایە کە مانیفیستی کۆمنیست ڕایگەیاندبوو کە" کۆمنیستەکان حزبێکی جیاواز لەبڕامبەر حزبەکانی چینی کرێکار دروست ناکەن، یان کۆمێیک بنەمای سیکتاریستی تایبەت بە خەیان دانانێن کە بزوتنەوەی کرێکاران لەو شکڵ و قاڵبە بدات." 3 ئەم هەنگاوە بە دامەزراندنی حزبە سیاسیەکانی چینی کرێکار وەک ئاستێک لە گەشەی سیاسی بزوتنەوەی کرێکاری هاتە ئاراە، وەک بڕێنجامی کاریگەری ئینتەرناسیونالی یەکەم لەسەر ئەم بزوتنەوەیە نەک تەنیا لە ئەوروپا بەڵکو لە ڕوسیا و ئەمریکاشدا حزبی سیاسی کرێکاران لەسەر ئەم بنەمایانە دامەزرا. لە نەو سەشیال دیموکراتیدا جیاوازی سەبارەت بە فەرم و ناوەڕۆکی کاری حزب هاتەئاراە، کە هەرکامەیان بە جۆرێک لایان دا لەو بنەمایانەی ئینتەرناسیونالی یەکەم بە پیویستی حزبی سیاسیان دانا بوو .

فەرمی یەکەم باسی لە ێیکخراوەی فراوانی جەماوەری سیاسی دەکرد کە بەشداری کاری پەرلەمانی و ڕۆژنامەگەری و کاری جەماوەری سەندیکایی دەکرد، بەاڵم لەسەر شێوەش و گەێینی سیستەمی سیاسی خۆی لادەدا. هەروەک ئینگلس لە ڕێخنە لەبەرنامەی ئیرفەرتدا ئاماژەی بە مەترسی ئەم "ئۆپەرتونیزم"ە کرد کە لە قاڵبی پەرلەمانتاریزمێکی بە دەسەاتدا دەیەوێ ئامانجی سیاسی بزوتنەوەکە بەرتەسک بکاتەوە. 4
لە بەشکانی پێشودا بە درێژی باسمان کرد کە چۆن مەیلێکی ئۆپەرتونیستی و ریفەرمیستیە بنەماکانی ئینتەرناسیونالی کرێکارانی گەڵی سەبارەت بە ناوەڕۆکی کاری حزب و دواتر چۆن حزبە سەشیال دیموکراتەکان بونە بەشێک لە مەدەلی سەرمایەداری دەوڵەتی و

پەرلەمانی بورژوازی ،کە چیتر بەرنامەی شۆشی سۆشیالیستیان لەدەستور و بەرنامەیاندا نەما. لەم بۆشدا باسی چۆنیەتی گۆینی ئەم بنەمایانە لە لایەن بلشڤیزمەوە دەکەین.
لادانی بلشڤی لە بنەماکانی ئەنتەرناسیونال بریتیە لە پەناسی حزب وەک بۆشکی تایبەت لە چینی کرێکار کە خاتکی سیاسی و بەرنامەیکی دیاریکراوی هەیە، نەک حزبی هەموو چینی کرێکار.
ئەم پرسەی گەلانە لای بلشڤیزم ئاوزترە لەچاو گەلانی سۆشیال دیموکراتیدا.چونکە؛ یەکەم ، لەوسیادا دەورانی شۆشی دیموکراتی بورژوازی بوو و وە چینی کرێکار بۆشک لە هەزی ئەو گەلانکاریە شۆشگەلانە بوو و بەمۆش زەمینەی دروستکرد بۆ ئەوەی بلشڤیزم وەک باڵکی شۆشگەل خۆی لە مەیلی ێیفەرمیستی سۆشیال دیموکراتی و مەنشڤیک جیابکاتەوە و ئەم کارە وەک پێویستی شۆش لەقەلەم بدرێ. دووەم، هەوەست بەرامبەر بە شۆی جیهانی یەکەم بوو مەسەلەیک کە چینی کرێکار و بزوتنەوەی سۆشیال دیموکراتی شق کرد و دیسانەوە جیابونەوەی بلشڤیزمی کردە واقعیەتکی سیاسی. سێهەم، بلشڤیزم تاکاتی گرتنی دەسەلات وەک حزبکی نهێنی و نیمچە نهێنی کاری دەکرد کە هەموو کارەکتەرکانی وەک سۆشیال دیموکراتکانی ناو دەسەلات و پەرلەمان دەرنەکەوتبوو و وە هەمیشە لەبەری ئەپەزسیەندا بوو.
سەرەای ئەم ئاماژیش بۆ ئەم مەدلی بلشڤی زوو کەوتە بەر هەخنەی تڕاتسکی5 و هەندێک لە هەڤاڵانی 6، وە وەک فەرمکی حزبی جیاواز لە سۆشیال دیموکراتی و کۆمۆنیستی سەرەتای سەدەی بیست باسی لەوکراوە. بەڵام لە کاتی شۆشی ئۆکتۆبەردا ئەم هەحی دەوەتەی بلشڤی جیاوازی سەرکی خۆی لە بنەماکانی ئەنتەرناسیونالی یەکەمی کرێکاری نیشان دەدا کە لەرەدا دەینە سەر باسکردنی.
لیۆن تڕاتسکی لە ساڵی ١٩٠٤دا لە هەخنەی لەم مەدیلەی حزبی بلشڤیدا لە کتێبی "ئەرکە سیاسیەکانی ئەمە"دا دەڵێ" ئەم شێوازە لە سیاسەتی ناوخۆی حزبدا بە دەخک کەتایی دێت کە ئابڕی حزب جێگای حزب و دواتر کۆمیتەی ناوەندی جێگای ئابڕی دیگرێ و سەرئەنجام یەک دیکتاتەر جێگای کۆمیتەی ناوەندی دەگرێت و دەخک دروست دەبێ کە کۆمیتە حزبیەکان بەبێ بۆشداری جەماوەری خەڵک هەمیشە سیاسەتکانی خۆیان دیگەن." *7
ئەم سەنترالیزمە بە تەواری جێنشینی حزب و نوێنڕایەتی چینی کرێکار دیگات کە لێخواردەوە باسی دەکەین. بەڵام هەر لەم دەورەیدا هەزا لەکسبەرگ هەخنەی لەلایەنکی تری بلشڤیزم گرت کە پێویست بوو بە دیسپلینی ناو حزب . بلشڤیزم کاتک حزب دەکاتە نوخبەیکی ناو چینی کرێکار ئەوا پێویستی بە زاکردنی جەرک لە دیسپلینیش دەبە

کە جیاوازە لەو خەدیسپلینەی کە چینی کرێکار لە خەباتی چینایەتیدا نیشانی دەدا.
دوای لەکسەمبۆرگ کە هەر لە ساڵی ١٩٠٤ەوە دەخنەی لەم مەیلە بەلشەفیە گرت کە حزبی کرێکاری دەبە پێیەو لە "دیسپلینی کۆرانە و سەربازی بکا" . لە بەرامبەر ئەم تیۆریەی حزبی لینیدا لە کتێبی " چەند پرسیارێک سەبارەت بە دەکخستن لە سەشیال دیموکراسی ڕوسیا "دا دەڵێ" ئەو دیسپلینەی لینین لە خەیاڵیدایە بەسەر کرێکاراندا دەسەپێنری نێک لەلایەن کارگەوە بەکەو لە دەگەی سەربازی و بیرۆکراتیەتی دەوڵەتی ئەستاو-لەلایەن هەموو میکانیزمی دەوڵەتی مەرکەزی بەرژوازیەوە. ئایا چ هاوبەشیێک هەیە لە نێوان گوڵەایەی دەکخراو لەسەر چینی چەوساوە و خود دیسپلینی و دەکخستنی خەباتی چینایەتی بە ڕزگاری؟ خود دیسپلینی سەشیال دیموکراتی تەنیا جێگاگرتنەوەی دەسەاتی فەرمانەوا بورژوازیەکان نیە بە دەسەاتی کەمیتەی ناوەندی سەشیالسیتی. چینی کرێکار هەست بە دیسپلینی نوێ بەدەست دەهێنێ ، خود دیسپلینێکی ئازادانەی سەشیال دیموکراسی، نێک لە ئەنجامی سەپاندنی دیسپلینێک لەلایەن دەوڵەتی سەرمایەداریەوە، بەکو بە لەگەڵ هەکەشانی ئەم دیسپلینەی سەرمایەداری، ئەو خوە کەنەی کە بگوڵەایەی و ملکەچ کردنەوە گرتویەتی. *8

ئەم سەنترالیزم و دیسپلینە لەلای بەلشەفیزم کاتێک تەدەگەین کە تیۆری جەنشینی لای لینین بەکامی دەخرێتە ڕوو لەکاتی دەسەاتدا. لینین لە کتێبی "نەخشی چەپەوی منانە لە کۆمۆنیزمدا دەڵێ" هەمو کەسێک دەزانێ کە جەماوەر دابەش دەبە بەسەر چینەکاندا، وە دژایەتی جەماوەر بە چینەکان ناومکینێ تەنیا بە دژایەتی زۆربەی زۆر نەبە، بەبە دابەشکردنی بەپێی سیستەمی بۆرهەمهێنانی کۆمەایەتی، بەو تۆژانەی کە جێگایەکی تایبەت لە بۆرهەمهێنانی کۆمەایەتیدا دەگرن، وە چینەکان بەشیوەیەکی ئاسایی، لەزۆربەی کاتەکاندا، لانی کەم لە وڵاتە مەدەرنە هاوچەرخەکاندا، حزبەکان پەشەویان دەکەن، وە حزبە سیاسیەکان ، بە شیوەیەکی گشتی، چەند گروپێکی تەقریبەن جێگیر لە کەسانی زۆر ناسراو و بە نفوز و بە تەجروبەوە دەبرێنە پێش، کە پێیان دەڵێن سەرکردەکان. ئەمانە هەموی سەرەتا ئەبجەدیەکانە، ئەمانە زۆر سادە و ڕوشنن." 3 لەرەوە لینین بەو ئەنجامگیریە دەگا کە " دیکتاتۆریەتی حزب و دیکتاتۆریەتی چینەکە؟ و دیکتاتۆریەتی حزبی سەرکردەکان و دیکتاتۆریەتی حزبی جەماوەر؟ " هیچ جیاوازیێکی نیە و" ئەمە تێکەوپێکەی فکریە."9
لەوەتەی سپارتاکیستەکانی ئەڵمانیا و ڕۆزا لوکسبورگدا کە دەخنە لەم تەوانینە دەگرن ، لینین دەڵێ" ئەم پرسیارە دەتە خیاڵ : کە

دەبێ بە دیکتاتۆریەت هەبسەر ؛ حزبی کۆمۆنیست یان چینی کرێکار..ئایا دەبێ بەشۆیەکی مەبدەئی کاربکەین بە دیکتاتۆریەتی حزبی کۆمۆنیست یان دیکتاتۆریەتی چینی کرێکار.” 10 بۆچی تیۆرێکی سەرۆکی لینین کۆمەڵگە دابەش بوو بەسەر چینەکاندا و چینەکانیش بەسەر حزبەکاندا و حزبەکانیش بەسەر گروپێکی سەرکردەی نەگۆڕدا.

هەربۆیە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا واتە دیکتاتۆریەتی حزب و دیکتاتۆریەتی کۆمیتەی ناوەندی و دواتریش دیکتاتۆریەتی سکرتێر و لیدەری حزب. ئەمە تیۆری جێنشینی لینینە، حزبی کۆمۆنیست جێنشین و نوێنەری چینی کرێکار. هەربۆیە دیکتاتۆریەت و بەیار وسیاسەتکانی حزبی کۆمۆنیست واتە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و بەشداری سیاسی و بەیاری ئەو چینە. لەرەوە جیاوازی نێوان بنەماکانی ئۆنتەرناسیونالی کرێکاران لەگەڵ ئەم تیۆری جێ نشینیەی حزبی بەلشەفیدا هەشن دەبێتەوە.

ئیتر حزب نەک هەموو چینی کرێکاری ێیکخراو نیە بەڵکو جێگر و نوێنەری ئەو و دیکتاتۆریەتی ئەم بەشە کۆمۆنیستەش هەمان دیکتاتۆریەتی چینەکەیە. واتە مەدیلی دەوڵەتکی تاک حزبیە، کە لە جێگای چینی کرێکار حوکم دەکا و ئەم دەستەی حوکمڕانەش جێگیرن و بۆچی سێنترالیزمێک کاردەکەن کە دەسەڵاتی نوخبە و تاکە کەسی سەرکردە دەکاتە مەدیلی حوکمڕانی و سیستەمی سیاسی. بە ئەوەی پەیستی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە لە تیۆری حزبی سیاسی بناسین پەیستە بچینە سەر لێکدانەوە لە مەدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی و کارکردی ئەم حزبە لەکاتی دەسەڵاتدا لە بواری سیاسی و ئابوریدا و لەرەوە دەزانین بۆچی فۆرمی بەلشەفی بۆتە بیرۆکراتیزم و جێبەجێکردنی بۆرنامەی سەرمایەداری دەوڵەتی چوو؟ وە دەزانین کە بنەما و کارەکتەرە سەکتیەکانی بەلشەفی چۆن بونە هۆی دەوڵەتکی تاک حزبی و دیکتاتۆری نوخبە و تاکەکەسی و بنەمای پەیوەکردن لە بۆرنامەی موکایەتی دەوڵەتی و سەرمایەداری دەوڵەتی؟ بەڵام پێش ئەوە گرنگە شرۆڤەیەکی ئەم بۆچونەی لینین لەسەر حزب بکەین و بزانین ئەم بەلشەفیزمە چ جیاوازیەکی ێیشەیی لەگەڵ حزبی کرێکاریدا هەیە.

بنەمای یەکەم کە بەلشەفیزم گۆڕی ئەوەبوو کە، چیتر حزب بریتی نەبوو لە هەموو چینی کرێکار و خەباتی سەرجەم ئەم چینەشی لەخۆدا هەنگ نەدەدایەوە، بەڵکو تەنیا ئەو مەیل و بەشەی لە کرێکاران نیشان دەدا کە بەدووری بۆرنامەیەکی حزبیدا کۆبونەوە و پەیوەیان

لایەک ناوەند و دەستەیەک لە ئابوران دەکرد. ئەم بۆتەواوەتی پێچەوانەی ئەو بنەمایە بوو کە مانیفیستی کۆمۆنیست ئایگیاندبوو کە" کۆمۆنیستەکان حزبێکی جیاواز لە بەرامبەر حزبەکانی چینی کرێکار دروست ناکەن، یان کۆمۆنیک بنەمای سیکتاریستی تایبەت بە خۆیان دانانێن کە بەزوتنەوەی کرێکاران لەو شکۆ و قاڵبە بدات." بۆتایبەتیش لەگەڵ ئەو بنەمایەی ئینتەرناسیونالی یەکەمدا ناکۆک بوو کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد و دەڵێ" ئەبێ هەڵوێستی دابەشبونی پێشووی نەوبزوتنەوەی کرێکاری دوبارەنەکرێنەوە و داوای یەکگرتنی خەڵای هەموو بەشە دابەاوەکانی بزوتنەوەی کرێکاری بکرێ." بەڵێ فیزم ئەم هەڵوێستەی دوبارەکردەوە بەوەی حزبی تەنیا وەک بەشێک و گروپێکی دیاریکراو کە خاوەن بەرنامەیەکی دیاریکراوە دەناسێنێ ،وە ماهیەتی حزبی وەک یەکگرتنی هەموو بەشەکانی بزوتنەوەی کرێکاری نادەکرد. بەپێچەوانەی بەیارنامەکەی ۱۸۷۱ی ئینتەرناسیونال کە " حزب بە یەکگرتوکردنی هەمو چینە موڵکدارەکان و سەرمایەدارانە" و " بە یەکگرتوکردنی خەباتی ئابووری و سیاسی هەموو چینەکانێ دژی سەرمایەداران و حکومەتەکەیان." بابزانین ئەم جیاوازیانەی بەڵشەفیزم لەگەڵ ئینتەرناسیونالی کرێکاران و مارکسدا لە کوێوە سەرچاوەی گرتوە؟ ئەم لێکدانەوەی لینین لە حزب لە زانستەکەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە هێشکردنەوەی پێویستی و چۆنیەتی کاری حزبی سیاسی بورژوازی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا ئاستە، نەک بە حزبێکی کرێکاری کە فەلسەفە وبنەماکانی بون و کارکردنی پێچەوانەی حزبێکی بورژوازیە.

بابزانین ئەم پێناسە لینینیە بە حزب کە بریتیە لە پلەکانی "جەماوەر- چین- حزب – سەرکردە" ، یان ئەوەی" چینەکە حزبە و حزبیش سەرکردەیە" ، بەچی لای چینی کرێکار ئەلف و بایەکی جیاوازە؟ حزبی بورژوازی کە نوێنەری تواژێکە لە چینی بورژوازی دەتوانی ئەم پێناسەیە بکەی و بڵێی کە گروپێکی تەقریبەن جگەرن. چونکە حزبە جەراوجەرە بورژوازیەکان بەرژەنجامی ململانێی تواژەکانی سەرمایەن کە لە نێو ئەم چینەدا بەهەی چەبونەوەی کۆنەکەی سەرمایەوە بەرژوەندی جیاواز و دژ بەیەکیان هەیە. چینی بورژوازی لەسەر بنەمای کۆنەکەی سەرمایە و پاراستنی سیستەمی سەرمایەداری پێوەندیەکانی ناوخۆی چینەکە هێک دەخا. بگومان ئەم پێوەندیانە لە ناکۆکیەکی بەردەوامی نیوان تواژەکانی سەرمایەدایە کە پرسەی چەبونەوەی سەرمایە لەدەستی کۆمایەتیەکی چینەکەدا واتە سەرکردەکان و تێکشکانی بەربەرەی سەرمایەدارە بچوکەکان وەک یاسایەک چارەنوسی هەموو ململانێ فکری و سیاسی و ئابوریەکانی نەو ئەم چینە دیاری

دەکا.

هەربۆیە ئەگەر چی بە گشتی هەموو ئەم حزبە بورژوازیانە پارێزەری سیستەمی سەرمایەداری و کۆیلایەتی هەزی کاری کرێکارانن، بەڵام ئەم حزبانە لەناوخۆیاندا هێندە جار دژیەک شێوەی سەروماڵی لەگەڵ یەکتردا. لەنیو چینی کرێکاردا یاسای کۆمەڵکەی سەرمایە و قازانج دەور ناگێڕێ لە ڕەخنەتنی ناوخۆیی ئەم چینەدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە یاسایەک کە پێیوەندی ناوخۆی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار دیاری دەکا بریتیە لە خەبات و هاوپشتی چینایەتی نێوان هەموو کرێکاران بۆ گۆڕینی سیستەمی ململانێی سەرمایەداری.
ئەمەش پێویستی بە یەکێیزی و کاری هەرەوەزی و پێکەوەیی هەموو چینی کرێکار. لەڕەوە جیاوازی بنەڕەتی لە شێوەی حزب و کاری حزبی لای کرێکاران دروست دەکا کە جیاوازە لە حزبی بورژوازی. هیچ بەرژەوەندیەکی جیاوازی ئابووری و ململانێیەک لە نێو کرێکاراندا نیە لەسەر چۆنیەتی دەستگرتن بەسەر کار و بەرهەم و سامانی کۆمەڵسانی تردا تا پێویست بە پێشبڕکێ و شێوەی سیاسی و سەربازی بکا. هەربۆیە دروستبوونی "حزب و سێکتە جۆگیرەکان و سەرکردە نوگرەکان" یاسای زاڵ بەسەر گۆڕەپانی سیاسی خەباتی چینایەتی کرێکاراندا نیە. هیچ ئەنجامگیرییەکی لەم جۆرە کە ،" چینێکە حزبە و حزبیش سەرکردەیە" ، بەو چەشنەی لای بورژوازی یاسایەکی سادەیە لای چینی کرێکار ناتوانێ سازگاربێ، مەگەر ئەوەی ئەم حزبە کرێکاریە ببێتە حزبێکی بیرکراتی و لەکاتی بڕیارەکان گەیشتنیشیدا بگۆڕێ بە حزبێکی بورژوازی کۆمینە. بەپێچەوانەوە کرێکاران لەناو یەکتردا بەرژەوەندیان لە یەکگرتوبوون و نەهێشتنی ناکۆکیەکاندایە، لەبەرئەوەی یەکگرتوبوون لەدەگرە وەک هێزێک بتوانن چۆونەڕان لەدەسەڵات بخەن. ئەمە باسی ڕزگاربونی چینێکە بە هەموو پێکهاتە و بەشەکانی و دابەش بونی بەسەر ولات و نەتەوە جیاکاندا. چینێک کە کۆمەڵگەیەکی نوێ بە ئینسان دروست دەکا نەک بە چین و دەستەیەکی دیاریکراو.

لەڕەدا هیچ باسێک لە ڕەوتێکی سیاسی و فکری نیە کە بەهەی ئایدیۆلۆژیکەیەوە دەتوانێ کۆمەڵگە بگۆڕێ و یان ئیمتیازی دروستکردنی دەوڵەتی بدرێ بە کۆمۆنیستەکان لەبەرئەوەی لەباری تیۆریەوە دژبەی هەڵوەرجی ڕزگاری چینی کرێکارن. هەربۆیە بەپێچەوانەی فۆرم و میکانیزمەکانی کاری حزبە سیاسیە بورژوازیەکانەوە حزبە کرێکاریەکان بریتی نین لە " چەند گروپێکی تەقریبەن جۆگیر لە کەسانی زۆر ناسراو و بە نفوز و بە تەجروبەوە دەبرێنە پێش، کە پێیان دەڵێن سەرکردەکان." گرامشی ئەمە زیاتر

ەوندەکاتەوە کە حزب و یەکێتی کرێکاری ێیکخراوکردنی خواستی کۆلێکتیف و هاوبەشی چینی کرێکار، کە دژیەوە دنیای سەرمایەداری بگۆڕێ.

ئەم خواستە هاوبەشە دروست نابێ ئەگەر جەماوەری ئەم چینە نێیانە مێیدانی سیاسەتەوە. حزب ئەو ئامازیە کە ئەم هاتنە مێیدانە ڕەکدەخا و چالاکی دەکا و جەماوەر ەوناکبیر دەکا و ریفەرمی مەراڵی تێادا پێک دێنێ. بەڵام حزب نەک وەک تەوژ و کاتیگەرێکی کۆمەڵایەتی بەکو وەک چینێک کە دژیەوە دەوڵەتێک دروست بکا. چین حزب دروست دەکا ، وەحزبەکان شەخسیەتی دەوڵەت و حکومەت پێک دێنن. حزب "ڕەحی دەوڵەتە".
ئایا پرسەی ئەم دروستبونەی حزب چۆنە؟ هەموو چینێک ڕۆشنبیرانی خۆی هەیە. ئەمانە دەربێنەکن لە گۆشەی ستراکتۆری چینەکێیان و نوێنەرایەتی بەردەوامبونەکی مێژوویی دەکەن.ئەم کاتیگۆری و تەوژی ڕۆشنبیرەی چینی کرێکار بە شێوێیەکی مێژوویی دروست دەبن ،لە ژێرکاریگەری گشتی لە کۆمەڵگەدا و بەپێی هەلومەرجی دروستبون ، ژیان و گۆشەی چینەکەوە ،تا ئەرکی خێیان نێک تێنیا لە بواری ئابوری بەکو لە مێیدانی کۆمەڵایەتی و سیاسیشدا جێبەجێ بکەن، بەتایبەت لەوڕامدانەوە بە مەسەلە ئاوەزەکانی دەسەڵات پێیداکردنی چینەکە. لەدرێژەی ئەم باسەدا کە چۆن گروپە جیاوازەکان دروست دەبن ؟ گرامشی دەڵێ؛"دروستبونی گروپە ڕۆشنبیرە کۆمێنیستێکان لە ناو چینی کرێکاردا کۆشێیکی ئاڵۆز لە بەرئەوەی کە فەرمی جەراوجەر وەردەگرن کە لە مێژووی ەاستەقینەی شکڵگرتنی تەوژ و کاتیگۆری جیاوازی ەوناکبیرانی ئەم چینەوە هاتون.
بەڵام خەجیاکردنەوەی ئەم گروپانە وەک سەکتی جیاجیا بەمانای زاڵبونی"سەکتاریزمە کە ناسیاسی بونە". ئەم گروپانە ناتوانن حزبی سیاسی چینی کرێکار دروست بکەن تاڵەم سەکتانە ڕزگاریان نەبێ. حزبی سیاسی کرێکاری پێویستە بریتی بێت لە کەکردنەوەی هەموو هەوە و گروپ و بەرنامە پراتیکیەکانی سەرتاسەری چینەکەی دژ بە دەسەڵاتی سەرمایەداری. حزب خۆی وشیاربونەوە و گۆشکردنی ئەم خواستە کۆلێکتیف و هاوبەشێیە لەناو ئەم چینە و تەوژە ەوناکبیرێیدا.

ئەم حزبە کاتە لە کۆمەڵگەدا دەردکەوە کە " لێکدانەوێیک لەسەر ستراکتۆری کۆمەڵایەتی ئەو وێاتە هەبێ و نوێنەرانی هەوڵی خەبەرکردنەوەی ئەو خواستە هاوبەشە هەبێ و لە شکستکانی ابردووی بکۆتەوە" . هەروەها "کاتێک ئەم حزبە دەبێتە پێویستێکی مێژوویی کە هەلومەرج بە "سەرکەوتن" ، و بە گۆشەی بونی بە دەسەڵاتی

دەوڵەتی، لانی کەم لە پرسەی دروستبووندا بێت. وە ئەم دەخڵە دەگەڵ بە گەیان وئیفڵوشنی ئایندەی بدا و ئەم پشکۆتنانە بچاو ببینرێ." تێگەیشتنی مارکس و ئینگلس لەم تێگەیشتنە بەرتەسک و سیکتاریستیە جیاواز بوو کە تا ئێستا زاڵە بەسەر هەموو بەشانەی بناوی مارکسیزم ، لینینزم، تڕۆتسکیزم ، ماویزم و حیکمەتیزم و هتد لەسەدەی ٢٠و تائێستاش هەرلەو قاڵبانەدان. ئەوان کەمێنیزمیان وا لێکداوەتەوە کە "ئامانج و مەیلە گشتیەکانی چینی کرێکار لە دەخی گشتی خەیاڵەوە سەرهەڵدەدا کە لەوەدا خەی دەدەزێتەوە. ئەم ئامانج و مەیلانە لە هەموو چینێکدا پەیدا دەبێ، هەروەها بزوتنەوەکەی فەرمی زەر جەراوجەر لە سەریدا دەنگ دەداتەوە، کەم تا زەر خەیاڵی یاخود کەم تا زەر پەیوەندیدار بەو هەلومەرجەوە کە چینەکەی تێدایە."11

ئەم زانستی ئانالیتەمی سیاسی چینی کرێکار و خەباتە چینایەتیەکەیەتی . بەم پێی ئەم زانستە حزبی کرێکاری سەرەای بەرنامە و هێوت و مەیلە جیاجیاکانی نەو چینی کرێکار دەتوانێ هەموو ئەم بەرنامە و مەیل و ئابڕانە جەراوجەرانە لەیەک قاڵبی حزبیدا کۆبکاتەوە ، چونکە بنەمای پەیوستی حزبی کرێکاری وەک ئینتەرناسیونالی کرێکاری دەڵێ " بە یەکگرتوکردنی هەمو چینێ موکدارەکان و سەرمایەدارانێ" و " بە یەکگرتوکردنی خەباتی ئابووری و سیاسی هەموو چینەکانێ دژی سەرمایەداران و حکومەتەکەیان." کەواتە حزبی چینی کرێکار دەبێ هەموو ئەو گروپە سیاسی و ڕێکخراوە جەماوەریانەی کرێکاران لە گشتەکدا دژ بە چینی بورژوازی و حکومەتەکەی کۆبکاتەوە لەبەرئەوەی کە" ئامانجی کۆتایی خەباتی سیاسی چینی کرێکار ڕزگاری ئابووری کرێکارانە و هەموو بزوتنەوەیەکی سیاسی تەنیا دەبێ وەک وەسیلە چاوی لێ بکرێ"12 حزبی کرێکاری وەک ئەم ئامانە سیاسیە خەی لەسەر بنەمای ململانێی مەیلەکان
دروست نەبوە و ئامانجی یەکلاکردنەوەی ململانێی نەو چینی کرێکار نیە، وەک لە حزبی بورژوازیدا وایە.

بەپێچەوانەوە حزب لەڕدا ئەرکی نەهێشتنی ئەو ناکۆکیانەی نەو چینی کرێکار و یەکگرتوکردنی سەرجەم چینەکەیە و دواتریش کۆتایی هێنان بە خودی پەیوستی حزب و دەسەاتی سیاسی حزبێ لە کۆمەگەیەکی کۆمێنیستیدا. کۆشەی بەلشەفیزم لەگەڵ ئەم بنەمایانەی ئینتەرناسیونالی کرێکاریدا لەوەشدایە کە ئەم فەرمە بەلشەفیە لە حزب، تەنیا یەک بەش و زیاتریش نوخبەیەک لە هەشتبیران بە خاوەنی حزب دەزانێ، کە بە بەرنامەیەک و هەڵوێستی سیاسی خەی لە باقی چینەکە جیادەکاتەوە. ئەم جیابونەوەیە بە مانای هێشتنەوەی حزبێ وەک

کۆمایەتیەک و ئەم سەکتەش دواتر لەناو خودی حزبیشدا بەردەوام ڕووبەڕووی چەندین دژایەتیەکی هەبژڕدراودا دەکا کە میکانیزمەکانی مانەوەی ئەم دەستەیە مسۆگەر دەکا. هەربۆیە لای لینین حزب لەکۆتاییدا بریتیە لە " گروپێکی تەقریبەن جێگیر لە کەسانی زۆر ناسراو و بە نفوز و بە تەجروبەوە دەبرێنە پێش، کە پێیان دەڵێن سەرکردەکان" نەک لە هەموو چینی کرێکار کە دەیەوێ کۆمەڵگەیەکی دوور لەدەسەڵاتی سیاسی کۆمایەتی و نوخبە دامەزرێنێ.
هەربۆیە حزبی کۆمایەتی بە حوکم کردن بەسەر چینی کرێکار و کۆمەڵگەدا بەناچاری فۆرمێکی بیرکراتیش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ . بیرکراتیزم حوکمی کۆمایەتیە لە بنەڕەتدا و نیشانەی جیابوونەوەی حزبە لە سەرجەم چینەکە. لە کاتێکدا حزب جێگای چینی کرێکار دەگرێتەوە و سەرکردەش جێگای حزب دەگرێتەوە، ئیتر حزب و سەرکردەوێک کۆمایەتیەک حوکمی چینەکە دەکەن بەناوی نوێنەرایەتیەوە، ئەمە لە کۆتاییدا دەوڵەتێکی بیرکراتی و دیکتاتۆری فەردیش بەرهەم دەهێنێ. هەربۆیە بیرکراتیزم لە دەوڵەتی سۆڤیەتدا بەرهەمی هاستەوخۆی سیاسەتی ئابووری نەبوو ، وەک مانسور حیکمەت دەڵێ، 13، بەڵکو بەرهەمی مەیلی سیاسی سۆشیالیزمی دەوڵەتی کە کە بەڵشەفیزم نوێنەرایەتی دەکا و لەسەرتاوە لە هەناوی حزبدا بوو و دواتر کە ئەم ڕەحی دەوڵەتە دەبێتە دەوڵەتی بەڵشەفی یەکسەر نیشانەکانی دەبینین.

هەربۆیە مانەوەی توخمی سیکتاریزم لە بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمنیستیدا نیشانەی ڕەنگدانەوەی نەبونی ئەو وشیاریە چینایەتیەیە سەبارەت بە خواستی هاوبەشی کرێکاران و مانەوەی سیکتاریزم بەمانای نەبونی دژی سەرکەوتنە و دروستنەبونی ئەو فشارەی پیویستی مەژووییە. هەربۆیە سیکتاریزم ووە لە فراکسیۆنیزم دەکا و ناتوانێ لە ناوخۆی حزب و چینی کرێکار لەو قۆناغانەدا کە توشی گەشانی هەلومەرجی دژەوە دەبە بەشەوەی فراکسیۆنی دووڕی ڕاگوزری تێپەڕنێ تا دواتر لە ڕیگەی یەکێتی ئیرادە و سەنترالیزمێکی دیموکراتیەوە سەرجەم ئاستەکانی حزب و بزوتنەوەی کرێکاری وەک بزوتنەوەیەکی سەراسەری و یەکپارچە کەبکاتەوە. بەگشتی کاتێک ئەم جیابونەوە سیکتاریستیانە دەبە لە ناو چینەکدا پەویستە ئەو"بنەما و مەبدئە دیاریکراوکانە چاک بکرێ " کە زاڵن.

لێرەوە جیاوازی نێوان خۆدیسپلینی ڕەزا لەکسبێرگ لەگەڵ دیسپلینی بیرکراتی لینین تێدەگەین.
ئەم حزبە سیکتاریستە نەک وەک " ڕێکخراوکردنی خواستی کۆلێکتیف و

هاوبەشی چینی کرێکار، کە دەیەوێ دنیای سەرمایەداری بگۆڕێ. "
بۆکو وەک توژەر و کاتیگۆریەکی کۆمەڵایەتی کە سەکتەکی تایبەت بە
خۆی هەیە و دیسپلینەکی دیاریکراوی هەیە کاردەکا . خۆدیسپلینیەک
کە کرێکار لە خەباتی چینایەتیەوە فێری دەبێ و پشت ئەستور بە
ئامانجی کۆمەڵایەتی گەورەیی کۆمەڵگەی ئینسانی ، لەم حزبەدا جێگای
نیە و لە جیاتی ئەو دیسپلینی کۆرانەی سەربازی جێگای دەگرێتەوە.

بیرۆکراتیەت لەگەڵ ئەم سەکتاریزمدا دوانەن و تەواوکەری یەکترن.
کاتێک سەکتاریزم دەبێتە قالبی حزب و بزوتنەوەیەک ئەوا میکانیزمی
کارکردنی ئەم حزب و گروپە بیرۆکراتیانە دەبێ. کەشانی ئەو
سنورانەی کە حزب و گروپەکە خۆیان لە یەکتری پێ جیادەکەنەوە
دەبێتە شەوازی جیابونەوەی ئەم گروپی ڕەشنبیرانە لە چینەکەش.
لەم حاڵەتەدا کە لیدەرەکان و جەماوەر هاوئاهەنگ نابن ئەوا
"ئابڕۆکان" توشی شڵەڵ دەبن و حاشیەیی دەبن. "لە نەبونی
پەیوەندی ئۆرگانی لە نێوان ڕوناکبیران و جەماوەری کرێکاراندا یان
کورتکردنەوەی ئەم پەیوەندیە بە پەیوەندی بیرۆکراتی "ئابوری" بە
"ئێندامانەوە" ، ئەم ڕوناکبیر و ئابڕانە دەبنە تاقم و دەستەیەک
کە خۆیان بە "سەربەخۆ" لە چین دەزانن و خۆیان "بەدەوڵەت" دەزانن.
هەربۆیە توشی کاردانیزم دێن، واتە هەوڵدانی لیدەر بۆ قناعەت
پێکردنی ئەو کەسانەی لیدەریان دەکا و داوای دیسپلین و ملکەچیان
لە دەکات بەبێ نیشاندانی عەقلانیەت. لە کاتێکدا لە حزبی کرێکاریدا
ئەبێ لە گروپی لیدەری بپرسرێتەوە نەک ملکەچی بیت. ئەمە جیاوازی
فەلسەفەی حزبی کرێکاریە لە حزبی بورژوازی کە سەرەوە خزمەت دەکا
نەک سەروەر بێت.

لە کتێبی "میری مەدەرن"دا گرامشی ،باسی سەنترالیزمی دیموکراتیک
وەک پێچەوانەی سەنترالیزمی بیرۆکراتیک دەکا. ئەو باسی پەیوەندی
"ئۆرگانیکی" بەشەکانی حزب دەکا نەک دابەشکردنی پێستەکانی ئابوری
و ئێندام و ملکەچی خوارەوە بەسەرەوە. سەنترالیزم لە بزوتنەوەی
کرێکاریدا "مانای جێگیرکردنی بەردەوامیە لە ڕێکخراوکردنی
بزوتنەوە ئاستەقینەکەدا ، وەک یەک بونی ئەو هێزەی خوارەوەیە
لەگەڵ بەیارەکان کە لە سەرەوەیە، بەشداری بەردەوامی ئەو
توخمانەیە کە لە خوار پلەدارەکانەوە دێن و بەرزکردنەوەی ئەم
توخمانەی خوارەوەیە لە چوارچێوەی دۆزگای لیدەرشیپی کە زمانەتی
بەردەوامی و کەکردنەوەی ڕێکوپێکی تجروبەکان دەکا". ئەمە نمونەی
"ڕەحی دەوڵەت"ی کاتی کرێکارانە کە لە حزبی کرێکاریدا خۆی وەکو
ئەنتی تێزی حزبی بیرۆکراتی بورژوازی نیشان دەدا ، پەیمان دەدێ کە

چەن چینی کرێکار لە ئستاوە لە قوتابخانەی حزبدا خۆی ئامادەکەن لەسەر دژایەتی بیرۆکراتی "فەرمانبەرانی دەوڵەت" و هەڵوەشاندنەوەی حزب ودەوڵەت و بیرۆکراتیەتکەی.

دواتر لە پراتیکی حزبی بەڵشەفی لێکاتی دەستاتدا ئێم ئاستیە دەبینین کە "دەرکەوتنی بیروکراتی نیشانەی پەیوەندی گروپی لیدەرە کە دەبێتە هۆزێکی محافزەکار و داخراو کە لەدایک بوونی هەزی ئەپەزسیۆن دەخنکێنێ، هەرچەند ئەو هەزانە هاوئاهەنگیش بن لەگەڵ بەرژەوەندیە سەرکیە زاڵەکانیشدا." هەربۆیە گرامشی بیروکراتیەت وەک خەترترین پەیوەندی شاراوە باس دەکا و وەک هوبسبام دەڵێ "گرامشی ئاگاداربوە لە خەتەری بیرۆکراتی و مەرکەزیەتی بیرۆکراتی و دژی گۆشەی ستالینی بوە لە سۆڤیەتدا و ئەم کۆشەی لە زیندانداندا بە دروست کردوە. ئەم هەمان ئەو هوشداریانەیە کە مارکس دەیدات کاتێک دەڵێت"چینی کرێکار دەبێ خۆی لە نوێنەرانکانی و فەرمانبەرکانی بپارێزێ" و فەرمان دەکا کە حزب و سیاسەت ئامانازن بەدەست چینی کرێکارەوە بە ئامانجی کۆتایی هێنان بە چەوساندنەوەی سەرمایەداری و جیاوازی چینایەتی و هەرکات ئەم ئامانازانە پیرۆزکران ئەوا بزانن کە ئامانجەکە لە پیرۆزی کەوتوە.

بەڵشەن بونەوەی ئەم گەڕانکاریانەی بەڵشەفیزم بەسەر مەدیلی حزبی کرێکاری جێگا مەبەستی ئینتەرناسیونالی یەکەمی کرێکاراندا هێنای ئەوەمان بە دەردەکەوێ کە کۆشەی مەدیلی بەڵشەفی تەنیا ستالین نیە ، وەک تراتسکی و تەنی کلاف دەڵێن ،یان "نەبونی بەرنامەی ئابوری نیە" وەک مەنسور حیکمەت دەڵێ بەکو مەدیلی ئەو سۆشیالیزمەیە کە خۆی لە حزب و دەوڵەت و ئابوریدا وەک پاکێجێک نیشان دەدا. مەدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی. هەربۆیە وەک لەسەرتاوە وتمان پەیستە بچینە سەر لێکدانەوە لە مەدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی و کارکردی ئەم مەدیلی بەڵشەفی لێکاتی دەستاتدا لە بواری سیاسی و ئابوریدا و لێرەوە دەزانین بۆچی فەرمی بەڵشەفی بەرەو بیرۆکراتیزم و جێبەجێکردنی بەرنامەی سەرمایەداری دەوڵەتی چوو.کە لەبەشکانی داهاتودا درێژە بە شرۆڤەی مەدیلی سیاسی و ئابوری بەڵشەفی دەدین بە تێگەیشتن لە سەرجەم ئەم مەدیلەی سۆشیالیزمی دەوڵەتی.

ئەوەی ئەنجامگیری ئەم بەشەیە گەڕانەوەیە بە ئەو بنەمایەی ئینتەرناسیونالی یەکەمی کرێکاران لەسەر پیویستی بونی حزبە کرێکاریکان وەک حزبی هەموو چینەکە و کارکردنی ئەم حزبە بە یەکخستنی خەباتی سیاسی و ئابوری دژی سەرمایەداران و گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن هەموو چینی کرێکارەوە بە گەیشتن بەزگاری

ئابووری و نەهێشتنی چینەکان و کۆمەڵگەی چینایەتی. ئەم مەبەستە لە حزبی کرێکاری دەتوانێ وەڵامی ئەو هەموو داببڕشکردن و جیابوونەوانە و لایەکتر دابڕانە بداتەوە کە ئێستا نێزیکانی بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستەکان دەرگیرین و خستونیەتە پەراوێزی ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی و خەباتی چینایەتی کرێکارانی لاوازکردوە. بەتایبەت ئەم باسە لەم دەورانە شۆشگێڕانەی جیهانی ئەمڕۆدا چارەنوسی ئەم بزوتنەوە شۆشگێڕانەی ئێستای دژی نیولیبرالیزم و سەرمایەداری گلۆبال دیاری دەکا بۆی بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی دەبنە هێزێکی کۆمەڵایەتی خاوەن هەژمونی سیاسی و حزبی کە وەک بەدیلی سەرمایەداری جارێکی تر هێزی چینایەتی خۆیان نمایش بکەن یان هەشتا درێژە بە مێژووی مەدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی شکستخواردووی سەدەی ٢٠ و بەلشەفیزم دەدەین؟ ئەمە ئەو هەڵبژاردەیە کە دەبێ بەپراتیکی لە خەمانی بگرین تا بتوانین لەم پاژنەی ئێشیلەی سەکتاریزم ڕزگاربین.

سەرچاوەکان

*1 مارکس، ئینتەرناسیونالی کرێکاران، ١٨٦٤
https://www.marxists.org/history/international/iwma/documents/1864/rules.htm

2* مارکس، بەیارنامەی ئینتەرناسیونال ، ١٨٧٢
https://www.marxists.org/archive/marx/iwma/documents/1872/hague-conference/resolutions.htm2

3* مارکس و ئینگلس، مانیفیستی کۆمۆنیست
https://www.marxists.org/kurdi/marx/babetekan/marx_1848_manifesti_komonist.pdf

4* ئینگلس ، هەڵبژاردەی لە بەرنامەی ئیرفۆرت
https://marxists.catbull.com/archive/marx/works/1891/06/29.htm

5* تڕۆتسکی ، کتێبی "ئۆرگی سیاسییەکانی ئەم"
https://www.marxists.org/archive/trotsky/1904/tasks/ch04.htm

6* ڕۆزا لوکسمبۆرگ، پرسیارە یەکخراوەییەکان
https://marxists.catbull.com/archive/luxemburg/1904/questions-rsd/ch01.htm

7* ئارنست ماندل، سەبارەت بە خۆیەکخراوەیی چینی کرێکار و حزبی پێشەو،
https://www.marxists.org/farsi/archive/mandel/works/1990/khod-sazmandehi-hezb.htm

8* ڕۆزا لۆکسمبۆرگ، پرسیارێ ئیکخراوەییەکان
https://marxists.catbull.com/archive/luxemburg/1904/questions-rsd/ch01.htm
9* لینین ، نەخشی چەپڕەوی منارکی لە کۆمۆنیزمدا
https://www.marxists.org/arabic/archive/lenin/1920-lwc/05.htm
10* هەمان سەرچاوە
https://www.marxists.org/arabic/archive/lenin/1920-lwc/05.htm
11* گرامشی ، پێداوەکانی زیندان، سێکتاریزم و بیرکراتی لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا
http://www.asokamal.com/index/?p=1577
12*
http://www.asokamal.com/index/?p=1750
13*/ ttp://hekmat.public-archive.net هەڵە سەرەکییەکانی ڕەخنەی سۆسیالیستی لە ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت، مەنسوور حیکمەت

وەرامێك لە پەرزی شیعردا … لەتیف بۆوار

لەم ماوەیەی دواییدا و لە نووسینێکی سێ بەشیدا بە ناوی (بیروڕاو باری سەرنج سەبارەت شیعرو دنیای شیعر) لە لایەن عەبدوڵا عەباسەوە نووسینێك بۆاوکرایەوە کە نزمی ئاستی ئەو وتارە بووە جێی نیگەرانی منی خوێنەر، بۆیە بە پێویستی دەزانم لێرەدا چەند سەرەقەڵەمێك لەسەر ئەو بابەتە ئاماژە پێ بدەم و کاکی نووسەر ئەپبدەیت بکەینەوە تا بزانێت ئەمستا لە چ زەمەنێکدا دەژین و شیعریش لەکوێی ئەو زەمەنەدایە.
بە کورتی جگە لەوەی ئەو وتارە هەر کای کۆن بە باکردنەو هیچ خاڵکی نوێی تیا نییەو هەر خولانەوەیە لە ئەزموونی ساڵانی حەفتاکاندا، چەند بابەتکی پێچەوانەو پێ لە هەڵەو پەڵەشی لە خۆ گرتووە، لەوانە:
1- ئەو دەنووسێت (باوەڕم بە دیراسەی ئەکادیمی نیە دەربارەی شیعر) ئەمە ئەو بۆئاگاییەی بنووس دەردەخات لەوەی ڕەوتی ئەدەبیاتی جیهانی پێستمدێرن و ڕەخنەی هاوچەرخ بە کۆ گەشتووەو کارلکەریی

پشکەوتنە جیاوازەکانی ژیان چ پەیوەندییەکیان بە خوێندنەوەو تێگەشتن و نووسینی شیعرەوە هەیە ؟ بە سوود وەرگرتن لە هەموو تیۆرو ئەزموونە مرۆییەکان لەسەرانسەری جیهاندا کە لە کۆتاییدا بەرەنجامە بە سوودەکانی بۆ هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەگەێنتەوە، هەروەها سادەیی بیرو پاشخانی مەعریفی شیعریی کاکی بنووس دەنوێنێت. بە رووونیش ئەم راستییە لەو قسەیەی نووسەردا دەردەکەوێت کە دەڵێت: (سەرچاوەی هەموو قسەکانم ، تاقیکردنەوە و ڕوانین و تێکەڵیمە لە گەڵ کۆ و کۆمەڵی شیعر و شاعیراندا)، مەگەر تێکەڵی هەر ئەو شاعیرانەی وەك خۆی دەنواێن بکات و نوێبوونەوەو موتابەعەکردن و خوێندنەوەشی تەواو بۆ ئەرزش کردووەو هیچ باسێکی نەکردووە.
2- ئەو لە لایەك دەڵێت (وەك شاعیر قسە ناکەم ، بەڵام وەك شیعر دەست) کە چی لە لایەکی تر بۆ دووڵیی باس لە کتێبەکانی خۆی دەکات وەك دەنووسێت [لە پێشەکی (بۆ دەنگی گەورە) و هەندێك نووسینی دی ' کە لەم بارەیەوە نووسیومن، تا دوا باری سەرنج کە لە دیوانی (هەڵوەست) دا دەرم بۆیون]… کەواتە هەر ئەمە بەسە بۆ لێفامینەوەی ئەوەی کە خۆی وەکو مەرجەعی شاعیران و هەڵسەنگاندنی شیعر لە قەڵەم بدات بەگەڵانەوە بۆ کتێبەکانی ئەو، کە لە ڕاستیدا لە هیچ کلۆجێکی دنیای شیعری نوێی کوردیەوە ناو و بوونی نیە.
3- سەیر لەوەدایە کەسێك هێندە بێئاگا بێت لە نووسینی خۆرای دنیای دیجیتاڵ و تەکنەلۆژیای نوێ و سەدان ناو و ئەزموونی جیاوازی نوێ کە دەردەکەون، کە چی بنووسێت: (تاکو ئێستا شیعری کوردی لەو باس و هەڵوەستەی دەرم بۆیون تازەتر نەهاتۆتە گۆڕێ) ئەمە جگە لەوەی زۆر بێئینسافییە، لە هەمان کاتیشدا بێئاگاییەکی مەترسیدار دەردەخات، وەك ئەوەی ئێستاش هەر لەسەردەمی تەقیانووسدا بژی!
4- جگە لەوەی هەموو کەرەسەکانی بوون سەرچاوەی ئیلهامی شاعیری باشن، کەچی بە جۆرێك سوکایەتی بە شیعری ئێستای کوردی دەکات وەك ئەوەی هەموو شاعیرەکان لە گوێی گادا نووستبن و پەنا بۆ خشت و بلۆك و چیمەنتو بەرن دەڵێت:
[قسەکانیان ئەوەندە گرۆ گرۆ یە ، پەیوەندی بە (خشت) و (چیمەنتۆ) و … (هەندێك ئالەتی ئۆتۆمبێل)] سەرەتا دەشێت بڵێین خوێنەر ئەم رایە سەرپێیانە وەرناگرێت و باشتر وابوو بۆ بنووس نموونە شیعریەکانی بهێنایەتەوەو ڕاڤەو لێکدانەوەکانیشی لەگەڵدا بخوێندایەوەو دابنایە ئینجا هەمووی زەربی سفر بکردایەتەوە.
4- بنووس هەر بەوەوە ناوەستێت بە شیعری نوێی کوردیدا بڵتە خوارەوە بەکو دوو پەرەگرافی لە ڕەخنەی شیعرەوە هێناوەو بە سەرەوبن لێکی داونەتەوەو یان ڕەنگە هەر هێندە لە شیعر و ڕەخنە

تێگەشتبێت، لە یەکێکیاندا دەڵێت: [(ڕاستە – مەستەرە) تان هێناوە و هەردوو لایەنی – بوعدی – نێوان زەمان و مەکانتان پێواوە]….
دەبوو بنووس هێندە بەسەرپێیی لە پێکهاتەی (زەمەن و شوێن)ی گەردوونیی و ناو دەقەکان تێنەگەشتبایە کە رووبەری 80% شیعرەکان داگیر دەکات و قسەوباسێکی زۆری لەسەرکراوەو لەسەر دەکرێت.
دووم خاڵ کە پەرەگرافێکی تری سەرەوبنکردووە یان سەرەوبن لێی تێگەشتووە هێناوەتەوەو لەوە حاڵی نییە کە سروشت بەرهەم هێنەری شیعر نییە بەکو بزوێنەری شاعیرە بۆ بەرهەمهێنان و هەڵهێنجانی کەرەسەکانی لێوەی، کەچی ئەو بە حەپەساندنەوە دەپرسێت و ڕەخنە لەو دەستەواژەیە دەگرێت کە نازانرێت لە لایەن کێ و کەی نووسراوە دەڵێت: [سروشت توانستی بزوتنە … ی نیە !! … دوایی بەکو سروشت مەکینەیە !! پەیوەندیەکی بە داهێنانی گەورەی شیعرەوە هەیە]
5- زمانی ئاخافتنی ئەو بنووسە هێشتا لە جۆن و سوکایەتی پاك نەبووەتەوە، بزانن چۆن بەهای ئەقڵ نزم دەکاتەوە بۆ ئاستی (کەر) کە دەڵێت: [خۆ ئەگەر شاعیر عاقڵ بوو … بەس!! ئەوا هەموو کەسێك تێدەگات … هەتا کەر – یش] ئیتر هەقمانە بپرسین بە چ پێوەرێك بابەتکی ئاوها دەخرێتە بەردیدی شاعیران و شیعردۆستان و خوێنەرانی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی، مەگەر هزر چمکێك لە دونیای ئەفراندنی شیعر نییە؟
6- پەرەگرافێکی تر کە بێئاگایی بنووس دەردەخات لەوێدایە کە دەڵێت: [هەموتان دەزانن و دەبیستن و دەخوێنەنەوە چ قسە و باس و چ (فەرتەنەیەك!!) لە ئارادایە، دەربارەی دەست پێکردنی قۆناغی (سێیەم)]
ئەم قۆناغە مەگەر هەر لە خەیاڵدانی بنووسدا بوونی هەبێت و سێبەرەکان یان تراویلکەکان ئەو فەرتەنەیان بەرپاکردبێت کە بنووس باسی دەکات، ئەگینا لە واقیعی دنیای ئەدەبیاتی کوردیدا زاراوەیەك نییە بەو ناونیشانە، تا ئەو جێیەی لە کۆتایی بەشی سێیەمدا دەنووسێت: [لە بەغدا… ئێواری 23 ئازاری 2005 بەئامادەبوونی ژمارەیەك ڕۆشنبیرو ڕۆژانەمەنووس پێکەشمکرد] ئەوجا خوێنەر دەزانێت کە ئەم نووسینە چەند لە مێژە لەگەڵ وشکبوونەوەی مرەکەبەکەیدا ئێکسپایەر بووە کاتێك لە کۆکی مردوودا 15 ساڵ پێش ئێستا خوێندراوەتەوە..
لە کۆتاییدا دەبێت هەمووان ئەو ڕاستییە بزانن کە سیاسەتی گۆبالیزەیشن شیعری تەڵاق دا، زەربەی خوێنەران و دەزگاکانی چاپیش، شاعیرە باشەکانیش ڕوو لە کەم بوونەوەن و زیاتر بۆ خستنەڕووی کارەکانیان پەنا بۆ تۆە کەمەایەتییەکان و تۆی جاجاکەیی جیهانیی دەبەن، کە ڕەنگە بنووس هیچ ئاگایەکی ئەو

جیهانەی نەبیت، ئیتر چ پێویست دەکات بەم جۆرە نووسینە لابەلایانە خوێنەرو میدیا بە لادا ببردرێت؟ خوێنەری ئەمڕۆ هێندە چاوکراوەیە پێش ئەوەی ئەم قسانە بخوێنێتەوەو هەبسەنگێنێت سەیر دەکات و دەپرسێت گوایا بنووس خاوەنی چ داهێنان و دەنگێکی تایبەتی شیعرییە تا گوێ لە گۆرانەوەی خەونەکانی بگیردرێت؟!

الاخـــــراج – دەرهێنـــــان … ئامـادەکردنی : ڕێبـاز محەمـەد جەزا

نووسینی : تالیف: فرانك م. هوایتج
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی : (كامل یوسف ، الدكتور رمزی مصطفی، بدر الدیب ،درینی خشبه، محمود السباع) پیاچوونەوە : (حسن محمود، سعید خطاب)

پسپۆری دەرهێنان تاڕادەیەك نوێیە لەشاندا ، لەمڕدا ماڵی خۆی لەدەقی زیندووەوە چەدەکات شانۆ پێشینەی لەوجۆرەی نیە لەرۆژگارەکانی ڕابردودا ، لەڕووی گرنگی و ماڵی نووسەرەوە . ئەم ڕاستیە لەشانۆی ئارەزوومەندانەدا جەختکردنەوەیەلە ڕاستگۆیی بەجۆرێکی تایبەتی ، لەکاتێکدا دەرهێنەر دەبێتە پیشەمەند بەتەنیا لەومەیدانەدا دەمێنێتەوە هەروەکو لەشانۆی برۆدۆی دا ، ئەوناوانەی لەنمونەی "داڤید بیلاسکۆ و تیرێن جاپری و ئیلیا کازان " پێشینەیان نەبووە جگەلە نووسەران و ئەستێرەکانی نواندن .

بۆژەی دەرهێنەر لەڕووی مۆژوویەوە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو هەمیشە ئارایی هەبووە و بەدوایدا هەستاوەبە نواندنی هەندێك وەزیفەی جیاوەکاری دیاریکراو . کەلەیەنانی کۆندا ئەوکەسەی – کەزۆربەی کات – ئەوکارەی دەکرد نووسەر بوو وە لەئینگلتەرا دیارترین ئەکتەرێ گروپەکە بووە . زەمان زۆری پێناساندین ، بەجیاوازی ئاستی سەرکەوتنیان ، بەدوای دا گرنگی سەرپەرشتیکردنی ڕاهێنانەکان و پێشکەشکردنی شانۆییەکە لەسەر

تەختەی شانۆ . بەدەر لەبیری دەرهێنەر یاخود "ێجیسێر" وەکو ئەوروپییەکان ناوی دەبەن ، ئەوەی " واقعە – کەتوارە " لەدایکبووی سەدەی بیستەمە .
لەدیارترینی پێویستیەکانی نمونەی ئەم هونەرمەندە لەکاتی خراپی سیستمی کێندا ، هەروەکودەرخستنی هەندێك نمونەی بەکارهاتوو . کەلەساڵی 1886 و هەواڵەکانی "ئەدویت بڕپ " و " لورنس باریت" لەپێکهاتنی بەهێزترین گروپی ناسراوی شانۆی ئەمریکی دا. ئەوەی "کیتی مۆڵنی " بۆی تۆمار کردووین ، ئەکتەری گروپی گەنجان لە " عیون النجلاو " ، ێوو داوەکانی ئەو وەرزە بەئەمانەتەوە ، ئەوەی وردەکاریە و لامانە لەسەر ئەو دێگمە بەدوای یەکدا هاتووە لە ێاهێنانەکانی ئەوسەردەمەدا . کەدەێت : " دەرژی ئەوماوەیە بەسە بێ تاکەکانی گروپ بێ جێگیرکردن و پاراستنی رێێە شانۆییەکان : " ێچیلێ ، ماکبێس ، هاملێت ، ئۆتیلێ " (1) وەبەزیادکردنی هەندێك ێاهێنانی. ئەوبەرنامانەی کەگشتگیرن لە شانۆییەکانی تردا :
ێچاردی سێهەم و کاترین و بترکیێ و بازرگانی ڤینس و تێەکردنەوەی لێبووك و پرۆتس و دۆن سیزار بازان و ێگای داهێنان بێ دەستگرتن بەسەر دیونی کێندا و شالیرو …. تەنها لەنمایشدا ، ێاستە ئەم فەرمانە جیاوازە لەکاتی ئامادەکردنی شانۆییەکاندا لەنمایشی ئێستادا گەر ئەو کارانە نمونەی ئاێگێی بن ، ئەوکاتە ئەکتەرەکان گرنگی وشەکانی دەق لەکاری جوڵە ئامۆزدا لەمەزنترین لاساییدا دەزانن. وەلەگەێ ئەوەشدا کەم و کورتی لەێاهێنانەکاندا لەم ڕدا بەوەدەستپێدەکات کەشتێکی ناوازە .
هەروەها درژی ئەم ماوەی ئەم ێاهێنانە نابێت "مستر بوپ" خێی ببێتە کلیلی دیالێگ ، وەلەگەێ ئەوەی ئەو هەوێستە پچاوە درژە بەنەبرەی داود بژاویانە ، هەروەها قسەکردنمان "خاتوو مۆڵنی " بۆیەکەمجار لەرێێی ریچیلێ بۆمان دەگێێتەوە لەهەستەکانی چاودێری ئەو ێەخنانەی لەکاتی بیرکردنەوەدا بۆیەکەمجار لەشەوی کردنەوەی شانۆیی ماکبێس و چۆنێتی بوون بە هێکاری کارەسات لەهەمان شەودا ، ئاژاوە لەنمایشدا بەسەرەتاکانی ئارایشت و زیزکردن و نکوێیکردن وەکو یەکەیەك لەجادووگەرانی " شێك"ەکان .

ئەوەش ێوواوێکی تر ، ئەوەی لەماوەی دەسەاتدا ێووێدا ، دیناوکردنی ێوانگەی باو بەئاراستەی ێاهێنانە شانۆییەکان ، لەگەێ سەرپەرشتیکردنی ئەکتەری گەورە " لستەر والاك " لەسەر مەرگ ێکخرا لەبەرژەوەندی ئاهەنگێکی فێرخوازی لەشانۆی هاملێت لەوکاتەدا مایی ساڵی 1888 کەهەموو ئەستێرەکانی نواندن بەشداریان تێدا کرد. " روزا یتنج – یەکێك لە ئەکتەرەسۆزدارەکان لەهەمان چاخدا کەهەستان

بەنواندنی ڕۆی شاژن لەبەردەم " أدویپ بوپ " لەڕۆی هاملێت .
دیاریکردنی شانۆگەریەکە لەڕاهێنانەوە ، پێشتر بەرکەوتەی پێشووی نەبووە لەنواندندا لەبەردەم بەڕێز بۆپ و ئەوە خرایە ڕووی ئەکتەری گەورە بۆ ئامادەکردنی ڕاهێنانی تایبەت بەدیمەنی ژووری نووستن . تەنها بەدانانی نمونەی ئەو خستنە ڕووە ئیهانەی بەنیسبەت مقەدەری نواندنییەوە ، کشانەوە لەو گروپە لەبەرئەوەی کەناویان خرابووە ناو پڕۆگرامەوە . بییرۆکەکە هەستانە بە جێبەجێکردنی ڕاهێنانی تایبەت بە ڕۆ لەبەردەم أدویپ بوپ لەڕۆی هاملێت ، بەوانینی – ئەوەی خاوەنی ناوی گەورە – شتێکە بەرگە نەگیراوە .
ئەوەی دەکرێت زیادکردنی نمونەیی زیاترە ، کە هەتا لەبەرامبەر کردەی شانۆیی سادەو بە ئیحساس بەجێبەجێکردنی کردەی ڕاهێنانە شانۆییە تازەکان لەماوەیەکی زیادتر لەهەفتەیەك لەئاستی نمایشی هەکارەکانی ئەمەش بەوەی دەیپارێزین کەباشترین پارچەکانمان و ""الاهام –سرش " بۆساتێك کەوەڵامی بینەرانی پێدەدەینەوە . بەدەر لەوە پێویست ناکات بەشکاندنەکانیان نمونە ، کۆتایی هێنان بەو نۆوانەی کەسیستمی داهاتوو لەباتی ڕێسا بەزۆر هەڵاوێردی بۆبکەین لەدەرهێنانی شانۆییەکاندا لەبەشی گەورەی سەدەی نۆزدەدا.

1. ماوەی ڕاهێنانەکان کورتن ، دەگاتە چەند کاتژمێرێك لەکارە دەوریەکان ، وەکو وتمان لەهەفتەیەك تێپەڕ نابێت لەکاری نوێدا .
2. واز دەهێندرێت لە جل و بەرگ و ئارایشت و وردەکاری لەزۆربەی کاتەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەکتەر . لێرەدا پشت دەبەستێت بە پاڵنەرەکانی ئارەزووی سەرنج بردن و ڕاکێشان . ئەم دۆخە بەتایبەتی لەباشترین دۆخەکاندا تەنها دەربارەی ئاژاوەیە لەهەکارەکاندا .
3. دیمەن جۆرێکی لاسایگەری و باوە ، لەگەڵ هەندێك هەمواری جوانکاری گونجاو کەشانۆگەریەکە پێویستی پێیەتی .
4. ڕۆڵە تێپەڕەکان ، بینینی کۆمەڵەکان ، زۆرجار فەرامۆش دەکرێن ، یان بۆ مەعریفەت لەبوونیاندان ڕۆکەوتن . هەتاکو ئێستاش ئەو سیستمە لەبالۆ و ئۆپێرادا ماون . ئەوەی مومکینە دەمانەوێت هەندێك شتی شاز لابەن لەشانۆدا بەسلوکی پێکەنیناوی کەدێت وەکو ئەوکەسانەی ڕاهێنانیان نەکردووە و نەکیرەن . تەنها ئەو شازانە نەبێت ، کەڕۆگایان پێدراوە بەدوایدا بڕۆن ، وەکو ڕووداوی نەکیرە ، لەم کاتەدا دەبنە سەرچاوەی تشویش کەنابنە کارەسات ، لەوانگەی بینەراندا .
ئەوەی سروشتیەو قورسە ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئەو پێلەی

بەرهەمی شانۆیی دەبنە چەقی نەبوونی هونەرمەند کەدەسەڵاتی خۆی دەسەپێنێت ، نەك لەسەرتەنها ئەکتەرێك ، یان کۆمەڵك ئەکتەر یان دیمەن یان دەنگ ، یان ووناکی ، یان جل وبەرگ ، یان پاشکۆکان یان ئارایشت ، لەگەڵ هەموو توخمە کۆبوەکان ، تواناکانیان هەگری بەر پرسیارێتی کارکردنن لەگەڵ َیدا لەنووسینەوە کەدەبێتە ئامانجی یەکە ئەندامیەکە کەخودی شانۆگەریەکەیە . لێرەوە دەرهێنەر لەدایکدەبێت یان "ێجیسێر " ، لەکاتی کرداری گەشە کردنی وەکو هونەر مەند .

تێبینی / بۆئامادەکردنی ئەم بابەتە سوودم وەرگرتووە لە کتێبی " المدخل الى الفنون المسرحيه – وەرزی شەشەم نووسینی : تالیف: فرانك م. هوایتج ، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی : (كامل يوسف ، الدكتور رمزی مصگفی، بدر الديب ،درینی خشبه، محمود السباع) پیاچوونەوە : (حسن محمود ، سعيد خگاب)

ئامادەکردنی : ێبَاز محەمەد جەزا

لە رۆژی جیهانی منداڵان: لێناو لانکەوە بۆ بەندیخانەی ئۆردۆگان … رۆژا شوان

لە سایەی دەسەڵاتی سەرۆك کۆماری خۆسەپێنی تورکیا، ئۆردۆگانی دیکتاتۆر، تورکیا بووە بە زیندانستان، بە هەزاران لاو و ژن و منداڵ بە تووەتی هەڵبەستراوی ناڕاست، تاوانبار کراون، وەکوو: لایەنگری پارتی کرێکارانی کوردستان، یا پارتی دیموکراتی گەلان، یا لایەنگرانی کودەتای سینارۆو داڕژراوی ساڵی ژی (١٥/ یەلیە/٢٠١٦).
بەندکراوەکان لە هەموو چین و توێژکیان تێدان لە پیاوان و لە ژنان و لە منداڵانیش:
مامۆستایان، پزیشکان، پارێزەران، سیاسەتمەداران، خوێندکاران، رۆژنامەنووسان، کرێکاران، کاسپکاران، ئۆفسەران، تا دۆگات ئۆو کەسانێش کە بە حزرەتی سوڵتان ئۆردۆگانیان وتووە، پێت خوار

داناوە.. تەنانەت منداڵانی کورپەی شیرخۆری ناو لانکیش لە تاوانکانی ئەردەگان و لە گرتن و بەندکردن لەگەڵ دایکیاندا رزگاریان نەبووە.. بەگومان کورد پشکی شێری لە بەندکراوکاندا هەبووە و هەیە.
لە یادی ڕۆژی جۆنی منداڵان (ڕۆژی جیهانی منداڵان) منداڵانی گەلانی ئازاد، شاد و بەختەوەرن، لەم ڕۆژدا دڵخۆشن و ئاهەنگی خۆشی دەگێڕن.. سەرکەکانیان دەست بە سەریاندا دەهێنن و دیاری جوانیان پێشکەش دەکەن.
بەڵام لە کوردستانی داگیرکراودا، کە بەهەزاران منداڵ و مەردمندالی کورد لە بەندیخانە سامناکەکانی تورکیای زیندانستان و ئەرانی سەدار دان، کە بە تووماتی کورد بوون، تاوانبار کراون، پیسترین و دڕندانەترین ئێشکەنجەی دەروونی و جەستەیان دەدرێن.
ئەوتا ئەردەگانی سیکەپاتی، لە جێی نوقڵ و شیرینی و بووکەڵە و تەپی قنجی یاری، بە ژەهری کیمیاوی و فسفۆری سپی سووتێنەر و بە بۆمبی ناپاڵم (کە هەموویان چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتین) لە ڕۆژئاوای کوردستاندا، منداڵانی بێتاوانی کورد شەهید دەکات، تا ئێستا بە دەیان منداڵمان شەهید بوونە.. ئەم منداڵانە تاوانیان چییە؟
لە ئەمڕۆدا، منداڵان لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان و لە تورکیادا، گەورەترین قوربانیی ستەم و تاوانکانی ئەردەگانی ستەمکارن.. تورکیا ژمارەیەکی پیاوانەیی جیهانی لە گرتنی منداڵان و ژنانەدا تەمارکردووە، بە تاوانی هەڵبەستراوی ناڕاست.
بە پێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە ناوەوە و لە دەرەوەی تورکیادا، لایەن ڕەخنراوە نەو دەوڵەتییەکان و ناوخەیەکان و هیومان رایتش ڕچۆ بەاوکراونەتە، لە ئێستادا (١٨) هەزار ژن لە بەندیخانەکانی تورکیادا بەندکراون، کە ژنی دووگیان و نەخۆشیان تێدان، بە تاوانی جیاوازی بە بنەمای هەڵبەستراو تومەتبارکراون، زیاتریش لە (٤٥٠٠) منداڵ لەگەڵ دایکیاندا، بەندکراون.. سەرجەمی بەندکراوکانیش لە تورکیادا، خەریکە لە ملیۆنێک بەندکراو نزیک ببنەوە.
سایتی (نەسمات) بە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی و شارستانی، لە ڕاپۆرتێکیدا، ژمارەی ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لەژێر شەش ساڵانەوەیە، کە ئەردەگان لەگەڵ دایکیانەدا بەندی کردوون تا(١١ی/ئەگەست/٢٠١٩) گەیشتوونەتە (٨٦٤) منداڵ، لەم ژمارەیەش، بەپێی تەمەنیان: لە مانگێکەوە بە کەمتر لە ساڵێک، کە منداڵی شیرخۆرن (١٤٩) منداڵ، یەک ساڵان (١٤٠) منداڵ، دوو ساڵان (١٢٤)

منداڵ، سێ ساڵان (١١٦) منداڵ، چوار ساڵان (٦٦) منداڵ، لە پێنج ساڵانیشەوە بە شەش ساڵان (٦١) منداڵ.
بەڵام هەشتا ئەم ژمارانە لە ژمارەی راستی منداڵە بێندکراوەکان زۆر کەمترن. چونکە رژێمی تورکیا راستییەکان دەشارێتەوە و ڕێ بە ڕێکخراوەکان نادات، کە سەردانی هەموو بێندیخانەکانیان بکەن، ژمارەی راستی بێندکراوەکان بزانن و ئاشکرای بکەن.
بەڵام ناتوانن بڵێن ڕۆژ بە بەڕۆژنگ بگۆڕن و راستییەکان بشارنەوە.. لە دوا زانیاریدا، ژمارەی منداڵە بێندکراوەکانی کەمتر لە شەش ساڵ، گەیشتوونەتە هەزار منداڵ.
شایەنی باسیشە (ئاکیف) کە منداڵێکی تەمەن (١٥) ڕۆژ بوو، لەگەڵ دایکیدا، بێندیان کرد، لە دوای دوو ساڵ بێندکردن، ئینجا لەگەڵ دایکیدا ئازادیان کرد.. دەبێ منداڵێکی تەمەن پازنزە ڕۆژ چ گوناه و تاوانێکی هەبێت..؟! بەڵام وا دیارە کە ئەردەگان لە منداڵانی شیرخۆری ناو لانکیش دەترسێت.

بەشێک لەو ژنانەی، کە ماوەی بێندکردنیان لە بێندیخانەکانی تورکیادا تەواو کرد و دەرچوون، باس لە باردۆخی خراپی بێندکراوە ژنەکان و منداڵەکانیان کرد و ئاوایان گێڕایەوە: کە تورکیا زەربەی منداڵان لەگەڵ دایکانیاندا، لە ژووری تاکە کەسی سارد و ساردا بێندیانی کردوون، تەنانەت هەندێکیان ناچاردەکەن کە لەسەر زەویشدا بنوون. سەرەڕای ئەوەش بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو، ڕۆژانە سووکایەتیان پێدەکەن و جۆنی ناشیرینیان پێدەدەن و ئاشکەنجەی دەروونی و جەستەیان دەدەن و دەستڕێژی سکسیشیان کردوونەتە سەر بەشێکیان. هەموشیان برسین و تووشی نەخۆشی بوونە بە تایبەتیش سکچوون و کەمخوێنی و لاوازی و ئازاری پشت ئێشە بوونە.. هەوای پیس هەدەمژن و ئاسپە تێیداون و دەرمان و چارەسەرکردنیان نییە و شیر و دایبی منداڵان زۆر کەم پەیدا دەگات. بێندیخانەکانی تورکیا هیچ مەرجێکی تەندروستیان تێدا نییە.. زۆریش قەڵەباغن هەر هەڵێک و هەر ژوورێکی بێندیخانەکانیان سێ هێندەی قەوارەی ئاسایین تێپەستوون. ناشهەڵێن بێندکراوەکان پەیوەندی بە کەسوکاریان و بە پارێزەرەکانیانەوە بکەن.. چەندین ژن تووشی نەخۆشی دەروونی بوونە.
هەر ئەو ژنە بێندکراوە ئازادبووانە، ئاوەشیان گێڕایەوە، کە جێلادە بەڵەوشتەکانی بێندیخانەکانی تورکیا، بە سووکایەتی پێکردنی و پێکەنین پەیان، ڕۆژی چوار جار ژنان ڕووت دەکەنەوە و دەیان پشکنن.

ئەمەیە بەرەوشتی مافیەکانی پارتی ناداد و ناگۆشکردنی سوبەتان ئەردەگانی (اخوان الشیاطین) لە هەر بەندکراوێک داوابکەیت بە دەیان چیرۆکی بەرەوشتیان دەگێڕنەوە.
ئەمەو بە هەی نادیار و تەمومژاویەوە، تا ئێستا جەلادەکانی بەندیخانەکانی تورکیا، بە دەیان بەندکراویان، لەناوبردوون.. تەنها لە دوو ساڵی رابردوودا (١٩٣) بەندکراویان، لە ناوبردوون، ئەویان بە هەبەستوون، کە خەیان کوشتوون یا خەیان خنکاندوون.

تورکیای زیندانستان، دەیوێت دەمی هەموان بگرێت و کەس فزەی لێوە نەیات.. بە نموونە: مامۆستایەکی کورد لە باکووری کوردستان کە خاتوو (ئایشە تشیلیک)ی ناوە، لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی تورکیادا، بە تەلەفۆن بەشداری کرد و ئەم قسەیەی وت: "لە منداڵان مەگەڕێن کە بمرن" مەبەستی ئەوبووە، کە بە بیانووی بەربەرەکانی تیرۆر، منداڵانی کورد لە بەندیخانەکانی تورکیادا بەند مەکەن و مەیانکوژن. داواشی لە کەمەگای نەودەوڵەتی کرد، کاردانەوەیان هەبێت لە ئاستی بەندکردنی منداڵان لە بەندیخانەکانی تورکیادا. لەسەر ئەم قسەیەی، خاتوو (ئایشە) یان گرت و بە لایەنگری پارتی کرێکارانی کوردستان تاوانباریان کرد.. پانگەزە مانگ بەندیان کرد.. سزای پێشکێشکەری بەرنامەکەشیان دا.
ئەم تاوانە دزیە و قەزەوانەی ئەردەگانی تاوانبار بە پێچوانەی هەموو رێکەوتنەکانی مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی منداڵان و ژنانەوەن. بە پێی مادەی (٤/٦) ژمارە (٥٢٧٥) ی یاسای سزادان، نابێت منداڵانی لە شەش ساڵان کەمتر، نابێت ژنانی دووگیان، نابێت ژنانێک کە منداڵانی کرێپیان هەیە.. بگیرێن و بخرێنە بەندیخانەوە.. بەڵام کەی لە تورکیادا یاسا هەبووە و هەیە؟؟ کەی لە تورکیادا رێکەوتنەکانی مافەکانی مرۆڤ و منداڵان و ژنان جێبەجێ کراون؟؟ تورکیا بە رژێی رووناک و بە زەقی و بە بەرچاوی جیهانەوە هەموو ئەم تاوانانەی ئەنجام داون و دەدات.. هەموو بەڵگەیەکی تاوانکانیش لە بەردەست دان.. کەچی تا ئێستا لەسەر ئەم تاوانانەی، هیچ سزایەکی نەودەوڵەتی تورکیا نەدراوە؟؟ بە داخەوە، کە بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزکان لەگەڵ تورکیادا، زاڵە بەسەر ڕەوشت و رێکەوتنکان و مافەکانی مرۆڤ و منداڵان و ژنان.. هەر ئەم بەدەنگییە وای کردووە کە تورکیا زیاتر درێژە بە پێشێلکاری و بە تاوانکانی بدات.

منداڵانی کورد، لە باکوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستاندا، بە

هەموو شۆڕشێک دەچەوسێنرێنەوە، لە هەموو مافێکیش بە بێشکراون و هیچ چەژ و خشیەکیان لە منداڵییان نەبینیووە. ئەوان لە ناو شەڕ و گرتن و راونان و کوشتندا چاویان هەڵهێناون و چاو هەڵدەهێنن..
داگیرکەرانی ڕۆگەزپەرست، کوردبوونمان بە تاوان دەزانن.
ئەی وێژدانی جیهانی، نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوەکانی مافەکانی منداڵان، وا منداڵانی کوردستان هاواردەکەن:"فریامان بکەون.. ڕزگارمان بکەن.. لەمان گەڕێن با بە ئاشتی بژین" هاواردەکەن:" کوانی مافەکانمان.. بۆ جیاوازی دەکەن.. خۆ ئێمەش منداڵین و مرۆڤین..؟!" هاوار دەکەن:" بۆ بۆ ژەهری کیمیاوی دەمانخنکێنن..؟ بۆ بۆ فسفۆری سپی دەمانسووتێنن..؟ بۆ بۆ ناپاڵم کەڵەمان دەپژێنن..؟ بۆ ماڵمان تاڵان دەکەن و خانووکانمان بەسەردا دەووخێنن..؟ بۆ لە نیشتمانی خۆماندا بۆ زەرداری دەربەدەرمان دەکەن..؟ بۆ باوک و دایک و کاک و دادمان دەگرن و دەیانکوژن..؟ بۆ دەمانگرن و لە بەندیخانە تاکەکەسیی سامناکەکانتاندا.. ئەشکەنجەمان دەدەن..؟ ئەی داگیرکەرانی ڕۆگەزپەرست و خوێنمژ.. بۆ وازمان لێناهێنن.. کە ئێمەش بژین..؟! تاکەی ئێمەی منداڵانی کورد، باجی داگیرکردن و ڕۆگەزپەرستیتان بدەینەوە..؟؟"
مەخابین کەس نییە گوێ لە هاوری منداڵانی کورد بگرێت و بە دەنگیانەوە بێت.

ئێم بەدەنگییەش لە ئاستی ئەو تاوانانەی کە تورکیا و ئێران لە دژی منداڵانی کوردمان ئەنجامیان داون و دەدەن.. پێویستە شەرمەزاریی بە تەوەسی کەمگای نەوەوەتی و بە وێژدانی جیهانی و مرۆڤایەتییەوە.
سوپاسی هەوەستی میللی و چەند ڕێکخراوەکی شارستانی گەلان دەکەین، کە لە شارکانی ئەمانیا و نەمسا و سوید و نەرویج و ئەمریکا و چەندین وڵاتانی تر، کە خۆپشاندنی ناڕازایان دژ بە تورکیا سازکرد.. داوایان لە ڕژێمی مافیای تورکیا کرد بە تایبەتیش لە خوێنمژ ئەردۆگان.. کە دەست لە تاوانکانیان لە دژی گەلی کوردی بەتاوان هەڵبگرن.. بە تونديش سەرکۆنەی بەندکردنی منداڵانی شیرخەر و ژنانی دووگیانیشیان کرد کە لە لایەن تورکیاوە بەندکراون.. بە تاوانی دەزانن، ئەردۆگانیش بە تاوانبار.. داواشیان کرد کە بەزوترین کات ئەو منداڵانەو و دایکانیان ئازاد بکەن.

بەڵام بە دڵنیاییەوە، نە ئەردۆگانی دیکتاتۆر و ڕژێمە مافیەکەی،

گۆ بۆ ناڕەزایی و بۆ داوای گۆڕان نادەن.
ژمارەی بەندیخانەکانی تورکیا (٣٨٤) بەندیخانەیە، وا خەریکی دروستکردنی (١٩٣) بەندیخانەی ترن.. چونکە بۆ تەمای گرتنی بۆ هەزاران ژن و منداڵ و لاوی ترن.
بەڵام ئەوەی چاڵ بۆ یەکەک هەڵبکەنێت.. ڕۆژێک دێت کە خۆشی تێی بکەوێت.. ئەو ڕۆژە نزیکە کە ئەردۆگان و ڕژێمەکەی، گۆڕ کەویان نەگەیەنن پەستەخانە، بخڕێنە ئەو بەندیخانانەوە.. کە ئازادیخوازنی کورد و تورکیان تێیاندا بەندکردوون.

ڕزا شوان
نۆرویج : ١٨ی/ نۆڤەمبەر/ ٢٠١٩

شەقامە تاریکەکان … ئەحمەد کامەران

ئیتر کاتی گەیانەوەم هاتووە بۆ شەقامە تاریکەکان
من دەمێکە لە شەقامە ڕووناکەکان بێزار بوومە.

لە شەقامە تاریکەکاندا بۆ دەنگی و ئارامی هەیە
لە شەقامە ڕووناکەکاندا هەڕاو جەنجاڵی .

لە شەقامە تاریکەکان جەنگ و خوێن ڕشتن کۆتایی هاتووە
لە شەقامە ڕووناکەکان جەنگ و خوێن ڕشتن بەردەوامە.

لە شەقامە تاریکەکان مەڕەکان بە ڕووخسارێکی ئاسودەوە دەژین
لە شەقامە ڕووناکەکاندا مەڕەکان بە ڕق و کینەوە لێك دەڕوانن.

لە شەقامە تاریکەکان دڵدارەکان بە ئاسوودەی دڵداری خۆیان دەکەن
لەشەقامە ووناکەکان دڵداران بە حەسرەتەوە لێکدەروانن.

خۆشەویستی لە شەقامە تاریکەکاندا خیانەت پێی نامێیە
کەچی لە شەقامە ووناکەکاندا خۆشەویستی بە ماڵ و سامان دەکرێت.

2019|11|18

باڵەکانم دەبڕنەوە … ستار ئەحمەد

ئەمڕۆ سبەی
خەرکی نوێ
لەسەر لوتکەی چیاکانمان
نیگای بێ خاك دەکاتەوە
بەهاری ئازادی و شادی
دەستی خەزان هەڵدەپاچێ
جەنگی داعشی بێنفرەت
کۆتایی دێ و لێناو دەچێ
ئەو کاتێ پێویستێ گۆلم
بێیەك دێ و
یەك جەستەوێ
چەترەك بن بێ بزاقی نوێ
هەتا کەرپەی لانکی مەژوو
بێئارامی و شادییەوێ
لێنو گوڵی ژینا بنوێ
بااشوور

نیمچە پەکی دەرکردو
ویستی باکانی لەکدا
لەسەد لاوە گورگ پەیدابوو
گورگی بیانی و خەمانە
جارکی تر
کەشیان کردین
بەرەو بەعدا
بوویندە هاوپەیمانی
کەنە دەندەی مەگەلمان
وابە سەد سالی رەك دەچێت
خوێن و ماڵ و ئابووری ئەمە
ئاوی دیجلەو فورات دەیبات
کوردستان تەفرو تووناو بوو
وەاتەك نەبوو لەدنیا
دەستەکی سەز
بە ئەم پارچە داڕاوە ی
تەنی وەتم درێژ بکا
هەر ئەوان بوون
شێخ مەحموودو
بارزانی و چەندی دیکەیان
بەئاهی دەوە فەوتان
ئەستاش دەبینی بوونەتە
برای پشت و
بەهاوپەیمان
لەگەڵ ئەمەدا هاوخوانن
بەناو ناوی باکور بەنین
رووی مەژوو ئاوەژوو دەکەن
دەستی راستم توند دەگوشن و
ئەوی چەپم دەیەنەوە
خواروم دەکەن بە کەگەی مین
سەروشم بەگازو پیترۆ
لەقەندیل زمانم دەبڕن
لاشەکەشم
ڕەوی دەیخوات
لەئەنادۆ

ستار ئەحمەد